


# کاری کرێگرتەو سەرمایە


کارل مارکس

وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە:

ئەنوەر نەجمەدین



مەی ٢٠١٧



کارل مارکس • کاری کرێگرتەو سەرمایە • لەئینگلیزییەوە: ئەنوەر نەجمەدین • مەی ٢٠١٧



ناوەندی کۆمۆن

# کاری کرێگرتەو سەرمایە

# کارل مارکس

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

# ئەنوەر نەجمەدین

مەی ٢٠١٧

- ناوی کتێب: کاری کرێگرتەو سەرمایە
- ناوی نووسەر: کارل مارکس
- وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: ئەنوەر نەجمەدین
- دیزاینی ناوەڕۆک: هەرێم عوسمان
- دیزاینی بەرگ: هەرێم عوسمان
- چاپ: چاپخانەی کارۆ
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: 3000 دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (1501 ) ی ساڵی ٢٠١٧ ی پێدراوە

commune centre

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کۆمۆن
زنجیرەی (1)

Email: nawandikomon@gmail.com

ئەم نامیلکەیە، بەرهەمی ئەو نووسینەیە کە مارکس لە ١٤ هەتا ١٨٤٧/١٢/٣٠، لە یانەی کرێکارانی ئەڵمانیادا لە برۆکسل، خوێندوویەتیەوە. دوای ئەوەیش وەک سەردێری ڕۆژنامەی (Neue Rheinische Zeitung)، لە ژمارەکانی ٢٦٤، ٢٦٧، ٢٦٩؛ لە بەرواری ٥ و ٨ و ١٨٤٩/٤/١١ دا، بڵاو کراوەتەوە.

لە ساڵی ١٨٩١ دا، لە فریدریک ئینگڵسەوە، وەک نامیلکەیەک ئامادە کراوە بۆ چاپ، بەڵام وەک ئینگڵس خۆی دەڵێت، ئەو بە دەستکاریەکی زۆرەوە لە چاپی داوەتەوە، وە دووبارە وەک خۆی دەڵێت: ئایا ئینگڵس مافی ئەو دەستکاری کردنەی هەیە؟

ئێمە، نامیلکەکە وەک خۆی دەخەینە بەردەستی خوێنەران. لە وەرگێڕانیشدا، ووشە بە ووشەی نامیلکەکە، بەراوورد کراوە بە هەر سێ چاپی ئینگلیزی و سویدی و عەرەبی. هەمیشەیش لە چاپە جیاوازەکاندا، جیاوازی دەبینرێت لە وەرگێڕاندا لە ووشەو ڕستەدا، بۆیە زۆر ئاساییە، ئەگەر ئەو جیاوازیە لە نێوان وەرگێڕانی عەرەبی و کوردیشدا ببینرێت.

وەرگێڕی کوردی

## پێرست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی ئینگلس | 9 |
| سەرەتا | 29 |
| کرێی کار چیە؟ | 33 |
| نرخی کاڵا بە چی دەستنیشان دەکرێت؟ | 41 |
| کرێی کار بە چی دەستنیشان دەکرێت؟ | 51 |
| سروشتی سەرمایەو گەشەکردنی | 54 |
| پەیوەندی کاری کرێگرتە بە سەرمایەوە | 60 |
| ئەو یاسا گشتیەی بریاری بەرزبوونەوەو نزم بوونەوەی کرێی کارو قازانج دەدات | 69 |
| بەرژەوەندیەکانی سەرمایەو کاری کرێگرتە بە تەواوی دژ بە یەکن | 75 |
| کاریگەریی ڕکابەری سەرمایەداری لەسەر چینی سەرمایەدارو چینی ناوەندی و چینی کرێکار | 83 |
| ووشەو زاراوەو کۆنسێپتە ئابووریەکان | 95 |

# پێشەکی فریدریک ئینگڵس

ئەم نامیلکەیە بۆ یەکەمجار، لە ٤ ی ئەپریلی ساڵی ١٨٤٩ دا، وەک زنجیرەیەک سەرووتاری ڕۆژنامەی "Neue Rheinische Zeitung" دەرکەوت. تێکستەکانیش لەو وانەبێژیانە پێکدێن کە مارکس لە ساڵی ١٨٤٧ دا، لە برۆکسل، لە یانەی کرێکارانی ئەڵمانیادا خوێندویەتیەوە. بەڵام ئەم زنجیرەیە تەواو نەکراوە. هەربۆیە ئەو پەیمانەی کە دراوە بە دەربڕینی "ماویەتی" لە کۆتایی ئەو ووتارەی لە ژمارەی ٢٦٩ دا چاپ کراوە لە ڕۆژنامەکەدا، وەدی نەهاتووە، ئەمەیش بەهۆی ڕووداوە خێراکانی ئەو سەردەمەوە –داگیرکرنی هەنگاریا لە لایەن ڕوسیاوە[1]، ڕاپەڕینەکانی شارەکانی دریسدن [Dresden]، ئیزرلۆن [Iserlohn]، ئیلبرفیلد [Elberfeld] لە هەردوو ناوچەی پالاتینا [Palatinate] و بادن [Baden]، کە بووە مایەی بێدەنگ کردنی ئەو ڕۆژنامەیە لە ١٨٤٩/٥/١٩ دا. وە دوای نەمانی مارکسیش، هیچ دەستنووسێکمان نەدۆزیەوە وەک پاشماوەی ئەم ووتارانە لە نێو نووسراوەکانی مارکسدا.

---

[1]. هێزەکانی قەیسەر لە ساڵی ١٨٤٩ دا هەنگاریا داگیر دەکەن، ئەمەیش بۆ هێشتنەوەی هابسبۆرگی نەمساوی لە دەسەڵاتدا (وەرگێڕ).

"کـاری کرێگـرتەو سـەرمایە"، چەنـد جارێـک، وەک نـــامیلکەیەکی ســـەربەخۆ لە چـــاپ دراوەتەوە، وە بـــۆ دوایـنجـــار لە ســـاڵی ١٨٨٤ دا، لە هـــۆتینگین-زیـــوریخ [Hottingen-Zurich] لە سویســـــرا، لە "چاپخـــــانەی کۆمەڵەی هەرەوەزکاری سویسرا" چاپ کراوەتەوە. وە هەتـا ئەمـڕۆ لە هەمـوو چاپەکـانی پێشـوودا، ووتـارە ئەسڵیەکە بە ووردی وەک خۆی لە چاپ دراوەتەوە. وە لە کاتێکا ئەم چاپەی ئێسـتا، بـریتیە لە، لای کەم ١٠٠٠٠ وێــنە کە بــۆ پڕۆپاگەنــدە دەســاودەس دەکــات، ئەو پرسیارەی خۆی دەسەپێنێت بەسەر مندا، ئەوەیە کە ئایا مــارکس خــۆی، لە بــارودۆخێکی وەک ئێســتادا، ڕازی دەبـوو بە بەرهەمهێنـانەوەی ئەم نـامیلکەیە بەبـێ هـیچ دەستکاریەکی ئەسڵیەکەی.

لە چلەکانــــدا، مــــارکس هێشــــتا لە ڕەخنەکــــانی نەبووبووەوە لەسەر ئابووری سیاسی. ئەو کارەیش بە ئەنجام نەگەیشت هەتا کۆتایی پەنجاکان. بۆیە کتێبەکانی مــــارکس، بەر لە تەواو کردنــــی نــــامیلکەی "ڕەخـــنەی ئــابووری سیاســی - Critique of Political Economy"، لە چەنــد خاڵێکیــدا، جیــاوازە لەوانەی لە دوای ســـــاڵی ١٨٥٩ نووســـــیوویەتی، وە دەربــــڕین و ڕســـتەی تێـدایە جیـاوازە لە تێڕوانینـــی نووســـینەکانی دواتــــری کە وەک هەڵەو نادروســــت دەردەکەوێــــت. ئێستایش مەبەستەکە ئەوەیە، لە چاپە ئەسڵیەکەدا، کە بە

شـێوەیەکی گشـتی، ئاراسـتەی جەمـاوەر کـراوە، ئەم تێـڕوانینەی ڕابـووردووی نووسـەر، کە ئاسـتێکە لە پێشـکەوتنی فیکریـی دانەر، لە جێـی خـۆی بێـت؛ وە ئەوەیـش هـیچ ڕاوێژێـک قبـوڵ ناکـات کە ئەوە مـافی هەردوو دانەرو خوێنەریشـە، کتێبەکـانی ڕابـووردوو، بەبێ هـیچ دەسـتکاریەک لە چـاپ بـدرێنەوە. هەر لەبەر ئەمە، هەرگیـز بە بیرمـدا تینەپەڕیـوە، ووشەیەکیشـی لـێ بگۆڕم.

بەڵام پرسـەکە جیـاوازە، کاتێک بەتـایبەت، مەبەسـتی ئەم چـاپە پرۆپاگەنـدەیە. وە بەدڵنیـاییەوە، لە حـاڵێکی لەم چەشنەدا، مارکس خۆیشی، ئەو کارەی ڕابووردووی، کە دەگەڕێـتەوە بـۆ سـاڵی ١٨٤٩، لەگەڵ تێـڕوانینە نوێکـانی گونجاندەوە. دووبارە بەدڵنیاییەوە ئەو هەسـتەم هەیە کە من بە ڕۆحی ئەوەوە کار دەکەم کاتێک چەند گۆڕانکاری و زیاد کردنێک دەبەمە نـاو ئەم چاپەوە کە پێویسـتن بـۆ گەیشتن بەو ئامانجە لە هەموو خاڵە سەرەکیەکاندا[2].

بـــۆیە هەر لە پێشـــدا بە خـــوێنەر دەڵـــێم: ئەمە نـامیلکەکەیە، بەڵام وەک ئەوە نـا کە مـارکس لە ١٨٤٩ دا نووسیوویەتی، بەڵکو وەک ئەوەی کە ڕەنگ بوو مارکس

[2] . مـارکس خـۆی، ٣٦ سـاڵ دوای نووسـینی ئەو نـامیلکەیە لە ژیانـــدا بـــووە. ئایـــا ئەگەر پێویســـت بـــوایە، مـــارکس خـــۆی پێـــداچوونەوەیەکی بـــۆ نەدەکـــرد؟ هەر لە کـــاتی نووســـینی ئەم نامیلکەیەیشـدا، مـارکس کتێبـی (هەژاریـی فەلسـەفە) ی نووسـیووە (بڕوانە تێبینی ژمارە ٣) (وەرگێڕ).

بەمجـــۆرەی بنووســـیایە لە ١٨٩١ دا. زیـــاتر لەوەیـــش، تێکســـتە ئەســـڵیەکە خـــۆی، ژمـــارەیەکی زۆری لەبەر دەســـتدایە کە ئەوانە بەســـن، هەتـــا مـــن لە ئاینـــدەدا، ســـەرلەنوێ لە چـــاپی دەدەمەوە لە نـــاو دانراوەکـــانی مارکس خۆیدا بەبێ دەستکاری.

سـەنتەری گۆڕانکـاریەکەی مـن دەربـارەی یەک خـاڵە. بەپێی وێنە ئەسڵیەکە، کرێکار کارەکەی دەفرۆشێت بە کرێـی کـار، ئەو کـرێیەش لە سـەرمایەدار وەردەگرێـت؛ بەپێی ئەم تێکستەی ئێستا، ئەوە هێزی کارەکەیەتی[3] ئەو دەیفرۆشێت. پێویستیشە هۆکاری ئەو دەسـتکاریە ڕوون بکەمەوە بۆ کرێکاران، هەتا تێبگەن ئەمە شتێکی بچووک نیە، بەڵکو لێرەدا لە خاڵێکی گرنگی نێو هەمـوو ئـابووری سیاسـی دەدوێـین؛ وە هەتـا برجوازیەکـانیش ببیـنن ئەو کرێکارانەی کە هیچ خوێنەواریەکیان نیە، زۆر ئاسـان، لە قورسترین شیکردنەوەی ئـابووری تێدەگەن، ئەوان زۆر لە "ڕۆشـنبیرە" لووتبەرزەکـان باشـترن کە لە لایـان، ئەم

3. مـارکس بەر لەو مێـژووەی ئێـنگڵس یـادی خسـتۆتەوە (واتە ١٨٤٩)، لە دانراوەکـانی تریـدا لە "هێـزی کـار" دواوە وەک کـاڵا. بـۆ نموونە: مارکس لە ١٨٤٧ دا، لە کتێبی (هەژاریی فەلسەفە) دا، دەڵێت: "بەهـای هێـزی کـار چیتـر وەک پێـوەری بەهـا دانانرێـت هەروەک بەهای هەر کاڵایەکی تر نەبێت" (مارکس، هەژاریی فەلسـەفە، ١٨٤٧). وە هەروەها دەڵێت: "ئەمە دژی ئەو ڕاستیە ئابووریانە دەوەستێتەوە کە ڕێژەی بەهای کاڵاکان بە بەهای هێزی کار دەستنیشـان دەکات" (مارکس، هەمان سەرچاوە) (وەرگێڕ).

جــۆره پرســه ئــاڵۆزانه، به درێژایــی تهمهنیــان، بــێ چارهسهر دهمێننهوه.

ئــابووری سیاســی کلاســیکی[4]، ئهم تێبینــیهی له پراکتیـزه کردنـی پیشهسـازیهوه وهرگرتـووه که خـاوهن پیشهسـازی، کـاری کرێکـار دهکرێت و کـرێکهی دهدات. ئهم ئایــدیایه زۆر بهســوود بــوو بــۆ مهبهســته بازرگانیهکـانی پیشهسـازی، بـۆ ژمێریـاری و ئهژمـار کردنی نرخ. بهڵام زۆر ساویلکانه هاتۆته نێو ئابووری سیاسـیهوه، وه بهراسـتی هەڵەیەکـی سەرسـوورهێنەرو شێوانشێکی زۆری بهرههمهێناوه.

ئابووری سیاسی وا دهبینێت ئهوه ڕاستیهکی نهگۆڕه که نرخـی ههمـوو کاڵاکـان، وه نرخـی ئهو کاڵایهیشـی ناودهبرێــت به "کــار"، بهردهوام دهگــۆڕدرێن؛ وه به

---

4. مهبهســتم له (ئــابووری سیاســی کلاســیکی) ئهوهیه که ئابووری، له W. Petty*، له پهیوهندیه واقیعیهکانی بهرههمهێنانی برجـوازی دهکۆڵێتهوه، ئهمه به پێچهوانهی ئـابووری بـازاڕیهوه که ههر خهریکــی تێرامــانه له ڕووخســار، لهو ماتریــالانهی دهمــێکه ئـابووری زانسـتی پێشکهشـی کـردوون، وههەر دیـاردهی مـاقوڵ شـیدهکاتهوه بـۆ بهکارهێنـانی ڕۆژانهی برجـوازیهت، جگه لهوه، به عینـادهوه، ههوڵـی مهنهجـی کردنی ڕاسـتیه ههمیشـهییهکان دهدات، واته مهنهجـی کردنـی ئهو ئایـدیایانهی برجـوازیهت به پهیوهنـدی لهگهڵ جیهـانهکهی خۆیدا بهکاریـان دههێنێت بهو واتـایهی باشـترین جیهانه) (تێبینی ئینگڵس).

* ویلیــام پیتــی [W. Petty ١٦٢٣-١٦٨٧]، ئــابووریزانێکی ئینگلیزی بووه (وهرگێڕ)

هۆکاری بارودۆخی ئێجگار هەمەچەشنە، بەرزدەبنەوەو نـزم دەبـنەوە، وە زۆر جـار هـیچ پەیوەنـدیەکی نـیە بە بەرهەمهێنـانی خـودی کـاڵاکە خـۆیەوە، بەجۆرێـک وا دەردەکەوێت، نرخ، وەک بنکەیەکی گشتی، بە ڕێکەوتێکی ڕووت دەستنیشـان بکرێت. لەبەر ئەوە، کاتێک ئـابووری سیاســی وەک زانسـت خـۆی نیشـاندا، ئەوکـاتە ئیتـر یەکەمین ئەرکی، بووە ئەوەی ئەو یاسایە بدۆزێتەوە کە دەکەوێتە پشت ئەم ڕێکەوتەوە، ئەو یاسایەی بەڕوونـی نرخـی کاڵاکـان دەستنیشـان دەکـات، وە بە ڕاسـتی کۆنترۆڵی ئەم ڕێکەوتە دەکات. وە لەنێو هەڵبەزودابەزو یـاریکردنی نرخـی کاڵاکانـدا کە جارێـک بەرز دەبێتەوەو جـارێکی تـر نـزم، خـاڵی سـەرەکی نەگـۆڕ، ئەو هەڵـبەزودابەزو یاریـانەیە کە ئەم باسـە لە دەوری دەخـولێتەوە. بە کـورتی، ئـابووری سیاسـی لە نرخـی کاڵاکـانەوە دەسـت پێدەکات و لەوێـوە دەکەوێـتە گەڕان لەدوی بەهـای کـاڵا بەو واتـایەی یاسـایەکی ڕێکـخەرە، دەتوانرێـت بەهـۆیەوە هەمـوو هەڵبەزودابەزەکـانی نـرخ شـیبکرێتەوە، ئەو هەڵـبەزودابەزانەی دواجـار نرخـی هەموو کاڵاکان دێنێتەوە خوارەوە.

بە هەرحـاڵ، ئـابووری سیاسـی کلاسـیکی، ئەوەی دۆزیـوەتەوە کە بەهـای کـاڵا بەو کـارە پێویسـتەی تیایـا بەرجەستەبووە بۆ بەرهەمهێنانی، دەستنیشـان دەکریت، وە ئیتـر ئـابووری سیاسـی ڕازی دەبێـت بەم شیکردنەوەیە. دەبا ئێمەیش لێرەدا، هەڵوێستەیەک لەسەر ئەم خـاڵە بکەیـن. بەڵام بـۆ ئەوەی خۆمـان لە هەمـوو

تێگەیشتنێکی هەڵە بەدوور بگرین، دەبێت خوێنەر ئاگادار بــکەم لەوەی ئەو شــیکردنەوەیە لەم ڕۆژگارەمانــدا، بە تەواوی نەگونجاوە.

مـارکس یەکەم کەس بوو کە بە قووڵی لێکۆڵینەوەی لەسەر توانای کار کردووە لە دروست کردنی بەهادا، وە ئەوەی دۆزیەوە کە هەمــوو کــارێکی پێویســت بــۆ بەرهەمهێنانی کاڵایەکی دیاری کراو، لە هەموو حاڵێکدا، چەنــدایەتیەک لە بەهــا ناخــاتە ســەر ئەو کــاڵایە کە بگونجێت لەگەڵ ئەو کـارەی تیایـا بەکـارهێنراوە. لەبەر ئەوە، ئەگەر ئەمــڕۆ بەکــورتی، لەگەڵ ئابووریزانەکــانی وەک ڕیکاردۆدا گووتمان، بەهای کاڵایەکی دیاریکراو بە کـاری پێویست بۆ بەرهەمهێنانی دەستنیشـان دەکرێت، بەوە هەمیشــە مەبەســتمان دەستنیشــان کــردن و ســنووردار کردنەکـانی مارکســە. ئەمە بەســە بـۆ ئەم مەبەستەی ئێستامان. زانیاریەکانی تریش لە کتێبەکەی مارکســدا دەدۆزیــنەوە "ڕەخــنەی ئــابووری سیاســی: (١٨٥٩)"، وە هەروەها "بەرگی یەکەمی سەرمایە".

بەڵام هەر ئەوەندەی ئابووریزانەکان گەیشتنە ئاستی دیــاری کردنــی بەهــا بە کــار، ئەمەیــش بەو کــاڵایەی ناودەبرێت بە "کـار"، ئیتـر لە نـاکۆکیەکەوە کەوتـنە نێـو ناکۆکیەکی ترەوە.

چـۆن بەهـای "کـار" دەستنیشـان دەکرێت؟ بە کـاری پێویسـتی بەرجەسـتە بـوو تێیـدا. بەڵام چەنـدێک کـار لە

کــاری کرێکــاردا بەرجەســتە دەبێــت لە ڕۆژێکــدا، لە هەفتەیەکدا، لە مانگێکدا، لە ساڵێکدا؟ ئەگەر کار پێوەری هەمــوو بەهاکــان بێــت، ئەوا تەنهــا لە کــاردا دەتــوانین، دەربڕینێک لە بارەی "بەهای کار" ەوە بکەین. بەڵام ئێمە هیچ نازانین لەبارەی بەهای کاژێرێکەوە لە کار، ئەگەر هەر تەنها ئەوە بزانین کە هاوسانە بە کاژێرێک لە کار. بــۆیە بەمە ئەوەنــدەی تــاڵە مــوویەک لە ئامانجەکەمــان نزیک نابینەوە؛ بەڵکو هەر لە بازنەیەکدا دەسووڕێینەوە.

لەبەر ئەوە، ئابووری سیاسی هەوڵیداوە، ڕێگایەکی تر بەکاربهێنێت. ئەو دەڵێت: بەهای کاڵایەکی دیاریکراو بەرابەری تێچــوونی بەرهەمهێنــانەکەیەتی. بەڵام ئایـــا تێچــوونی بەرهەمهێنــانی "کــار" چــیە؟ بــۆ وەڵامــی ئەم پرسیارە، ئابووریزانەکان ناچار بوون بەوەی کەمێک لۆژیــک ڕاکێشــن. وە لەبــری ئەوەی پشــکنینێک بــۆ تێچوونی بەرهەمهێنان بکەن لە خودی کار خۆیدا، کە بەداخەوە، ئەمە لەلای ئەوان ناتوانرێت بەدەستبهێنرێت، ئەوا ئەوان دەکەونە پشکنینی تێچــوونی بەرهەمهێنــانی کرێکار. ئەمەی دوایی دەتوانرێت دەستنیشان بکرێت. ئەمەیش بەپێی کارو بارودۆخ دەگۆڕدرێت، بەڵام لە بــارودۆخێکی دیــاریکراوی کۆمەڵگــادا، لە شــوێنێکی دیاریکراودا، وە لە لقێکی دیاریکراوی بەرهەمهێنانــدا، لای کەم لەنێــو ســنووری بەرتەســکی خۆیــدا. ئــێمە لەمڕۆژگـــارەدا لە ســـایەی ڕژێمـــی بەرهەمهێنـــانی

سەرمایەداریدا دەژین، کە بەردەوام لە سایەیدا، چینێکی گەورە لە دانیشتوان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەشە دەکات و زیاد دەکات، وە ئەو چینە ناتوانێت بژی تەنها بە کار کردن نەبێت بۆ خاوەنی کەرەسەکانی بەرهەمهێنان – خاوەنی ئامرازو ئامێرو ماتریاله خاوەکان و کەرەسەکانی بژێوی. وە لەسەر بنەمای ئەم شێوازی بەرهەمهینانە، تێچوونی بەرهەمهێنانی کرێکار، کۆی کەرەسەکانی بژێوی دەگرێتەخۆ (تەواوی نرخەکەی بە پارە) کە بە شێوەیەکی مامناوەندی پێویستە بۆ ئەوەی توانای کار کردنی بداتێ، بۆ پارێزگاری کردنی ئەو توانایە بۆ کار کردن، وە بۆ ئەوەیشی لە کاتی نەمانیدا، کرێکارێکی تر بخرێتە جێگای، ئیتر بەهۆی تەمەنەوە بێت یان نەخۆشی یان مردن – ئەم بژێویەیش، وەک دەڵێن، بۆ زاووزێی چینی کرێکارە بە ژمارەیەکی پێویست.

گریمان نرخی نەختینەیی کەرەسەکانی بژێوی بەشێوەیەکی مامناوەندی، بریتیە لە ٣ شیلینگ لە ڕۆژێکدا. واتە کرێکارەکەمان لە ڕۆژێکدا، ٣ شیلینگ لە خاوەن کارەکەی وەردەگرێت. بۆ ئەمەیش سەرمایەدارەکە، ١٢ کاژێر لە ڕۆژێکدا کاری پێدەکات، زیاتر لەوەیش، کاپیتالیستەکە، لەسەر ئەم تەرزە، ژمێرەکانی دەکات: با وایدابنێین کرێکارەکەمان (ئامێر بەکارهێنەکە)، لەسەریەتی پارچە ئامێرێک دروست بکات و لە ڕۆژێکدا تەواوی بکات. وە گریمان ماتریاله

خاوەکان –ئاسن و مس، وەک پێویست ئامادەن– وە ٢٠ شیلینگیان تێدەچێت؛ وە بەکاربردنی خەڵوز لە ئامێرێکی هەڵمیداو بەکاربردنی ئامێرەکەیش خۆی، وە هەر ئامرازێکی تریش کە لە کرێکارەکەوە بەکاردەهێنرێت، لە ڕۆژێکدا، بەو جۆرەی ١ کرێکار بەکاری دەهێنێت، بەهاکەی ١ شیلینگە. لە گریمانەکەماندا، کرێی کار بۆ یەک ڕۆژ ٣ شیلینگە. هەر بەوجۆرە، کۆی تێچوونی پارچە ئامێرێک ٢٤ شیلینگە.

بەڵام سەرمایەدارەکە وای ئەژمار دەکات، نرخێکی مامناوەندیی، بە بڕی ٢٧ شیلینگ، لە کڕیارەکانی دەست دەکەوێت. واتە ٣ شیلینگ لە سەروو خەرجیەکانیەوە.

ئەم ٣ شیلینگەی سەرمایەدارەکە دەیخاتە گیرفانی، لە کوێوە هات؟ بەپێی ئابووری سیاسی کلاسیکی، کاڵا بە بەهای مامناوەندی دەفرۆشرێتەوە، واتە بە نرخێک کە دەگونجیت لەگەڵ چەندایەتیەکی پێویستدا لە کار کە لەو کاڵایانەدا بەرجەستە دەبێت. واتە نرخە مامناوەندیەکەی پارچە ئامێرەکەمان –٢٧ شیلینگ– یەکسان دەبێت بە بەهاکەی، یەکسان دەبێت بەو کارەی بەرجەستە بووە تیایا. بەڵام ٢١ شیلینگ لەو ٢٧ شیلینگە، بەهایەک بوو هەبوو بەر لەوەی بەکارهێنەری ئامێرەکە دەست بکات بە کار؛ ٢٠ شیلینگیان بۆ ماتریالی خاو بوو، ١ شیلینگ بۆ ئەو خەڵوزەی لە کار کردندا بەکار دەبرێت، لەگەڵ ئامێرو ئامرازەکانی نێو ئەو پرۆسێسە کە توانایان

بەرامبەر بەو چەندایەتیە لە بەها دادەبەزێت. ٦ شیلینگ دەمێنێتەوە کە دەچێتە سەر بەهای ماتریالە خاوەکان. بەڵام بەپێی گریمانەی ئابووریزانەکانمان، ئەو ٦ شیلینگە، تەنها بە کاری کرێکارەکە زیادی کردووە کە چۆتە سەر بەهای ماتریالە خاوەکان. بەم پێیە، ١٢ کاژێر کارەکەی، بەهایەکی نوێی دروست کردووە بڕەکەی ٦ شیلینگە. لەبەر ئەوە، بەهای ١٢ کاژێرەکەی، بەرابەری ٦ شیلینگە. ئا بەم چەشنە، لە کۆتاییدا "بەهای کار" مان دۆزیەوە.

"نا، نا، بوستە!" —ئامێر بەکارهێنەکە هاوار دەکات. ٦ شیلینگ؟ بەڵام من تەنها ٣ شیلینگم دەستکەوتووە! سەرمایەدارەکە سوێند دەخوات بەهای ١٢ کاژێر لە کارەکەی من، ٣ شیلینگ زیاتر ناهێنێت، وە ئەگەر داوای ٦ شیلینگ بکەم، دەستدەکات بە پێکەنین پێم و دەڵێت ئەمە چیە ئەم حیکایەتە؟".

ئەگەر بەر لەمە لەگەڵ بەهای کارەکەماندا، گەیشتبێتینە بازنەیەکی خاڵی، ئەوا ئێستا، بەدڵنیاییەوە، ڕاستەوخۆ ڕاکێشراوینەتە نێو ناکۆکیەکەوە کە چارەسەری نیە. ئێمە لە دوای بەهای کار گەڕاین، وە زیاتر لەوەیشمان دۆزیەوە کە دەتوانین بەکاری بهێنین. سەبارەت بە کرێکارەکە، بەهای ١٢ کاژێر لە کار ٣ شیلینگە؛ سەربارەت بە سەرمایەدارەکە ٦ شیلینگە، ٣ شیلینگ وەک کرێی کار، دەداتە کرێکارەکەو ئەو ٣

شیلینگەیشـی دەمێنێـتەوە دەیخـاتە گیرفـانی خـۆی. هەر بەم پێیە، کار یەک بەهای نیە، بەڵکو دوو بەهای هەیە، بەڵکو تەنانەت، دوو بەهای تەواو جیاواز !

ئەم نـاکۆکیە هەر زیـاتر دەبێت، ئەگەر ئەو بەهـایەی بە نەخت دەردەبڕدرێت، نەگێڕدرێتەوە بۆ کاتی کار. لە ١٢ کاژێر کاردا، بەهایەکی ٦ شیلینگی نوێ دروستکراوە. بـۆیە لەو ٦ کـاژێرەدا، ئەو بەهـا نـوێیەی دروسـتکراوە، یەکسـانە بە ٣ شـیلینگ –واتە ئەو بـڕەی کرێکـارەکە لە بـری ١٢ کـاژێر کـار وەری دەگرێـت. کرێکـارەکە لە ١٢ کـاژێر کـاردا، بەرهەمێکـی هاوسـان بە ٦ کـاژێر کـار وەردەگرێت. کەواتە، ئێستا ناچارین بە وەرگرتنی یەکێک لەم دوو دەرئەنجـامە: یـان کـار دوو بەهـای هەیە، یەکێکیـان دووجـار لەوی تریـان زیـاترە، وە یـان ١٢ یەکسـانە بە ٦. لە هەردوو حاڵەکەیـدا، دەگەینە دەرئەنجـامێکی بـێگەردی هـیچ و پـووچ. هەرچەنـدیش فێڵبـاز بین، هەرگیـز لەم نـاکۆکیە دەرنـاچین، ئەمە ئەگەر هـاتوو هەر لە کـڕین و فرۆشـتنی "کـار" و "بەهـای کـار" دوایـن. وە هەر ئەمەیشـە تووشـی ئابووریزانەکانمـان هـاتووە. دوایـن لقـی ئـابووری سیاسـی کلاسـیکی –واتە قوتابخـانەکەی ڕیکـاردۆ- تـا ئاسـتێکی گەورە، لەم نـاکۆکیەدا شکسـتی خـوارد. ئابووری سیاسـی کلاسـیکی کەوتە ڕێگـایەکی داخـراوەوە. ئەو کەسـەی ڕێگـای

دەرچـوونی ئەو ڕێگـا داخـراوەی دۆزیەوە، ئەوە کـارل مارکس بوو.

ئەوەی ئابووریزانەکـــان دایـــدەنێن بە تێچـــوونی بەرهەمهێنـانی "کـار"، ئەوە تێچـوونی کـار نـیە، بەڵکـو تێچوونی بەرهەمهێنانی کرێکارە زیندووەکە خۆیەتی. وە ئەوەی کرێکـارەکە دەیفرۆشـێت بە سـەرمایەدارەکە ئەوە کارەکەی نیە.

مارکس دەڵێت: "کرێکـار هەر ئەوەندەی دەسـتی کـرد بە کـار، ئیتـر کـارەکەی مـوڵکی خـۆی نـیە، بـۆیە ئیتـر لە کرێکارەکەوە نافرۆشرێت".

لانی زۆر، ئەو دەتوانێت کارەکەی ئایندەی بفرۆشێت، واتە گریمـان لە سـەریەتی بەشـێک لە کارێکی دیـاریکراو ئەنجام دەدات لە ماوەیەکی دیاریکراودا. بەڵام ئەو ئا بەم شێوەیە، کار نافرۆشێت (ئەو کارەی کە دەبێت ئەنجامی بـدات)، بەڵکـو بـۆ مـاوەیەکی دیـاریکراو (ئەمە لە حـاڵی کرێــی کــاری ڕۆژانەدا)، یــان بە ئەنجامــدانی کــارێکی دیـاریکراو (ئەمە لە حـاڵی کرێـی کـاردا بە پـارچە) هێـزی کـاری خـۆی دەخـاتە ژێـر دەسـتی سـەرمایەدارەکەوە بەرامبەر بە کرێیەکی کاری دیاریکراو؛ بەواتا، ئەو هێزی کــارەکەی دەدات بەکــرێ یــان دەیفرۆشــێت. بەڵام ئەم هێزی کارەی بەسـتراوە بەخـۆیەوەو ناتوانرێت لێی جیـا بکـرێتەوە. بـۆیە تێچـوونی بەرهەمهێنـانی، هاوسـانە بە تێچوونی بەرهەمهێنانی خۆی؛ وە ئەوەی ئابووریزانەکان

ناوی دەبەن بە تێچوونی بەرهەمهینانی کار، ئەوە هەر بە تەواوی، تێچوونی بەرهەمهینانی کرێکارە، وە لەوەیشەوە، تێچوونی بەرهەمهێنانی هێزی کارە. وە دەتوانین هەر لێرەیشەوە، لە تێچوونی بەرهەمهێنانی هێزی کارەوە، بگەڕێینەوە بۆ بەهای هێزی کار، وە بریاری ئەو چەندایەتیە لە کاری کۆمەڵایەتی بدەین کە پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی هێزی کار لە چەندایەتیەکی دیاریکراودا، هەروەک مارکس ئەمەی کردووە لە بەشی "کڕین و فرۆشتنی هێزی کاردا" لە (سەرمایە، بەرگی ١ دا).

ئێستا، چی ڕوودەدات کاتێک کرێکار هێزی کارەکەی دەفرۆشێت، واتە دوای ئەوەی هێزی کارەکەی دەخاتە ژێر دەستی سەرمایەدارەکە، بەرامبەر بەو کرێی کارەی ڕێکدەکەون لەسەری –ئیتر ئەگەر ئەمە کرێی کار بێت بە ڕۆژانە یان کرێی کار بێت بە پارچە؟ سەرمایەدار کرێکار دەباتە نێو فابریکەکەی یان کارگەکەی کە پێشوەخت هەموو ماتریالێکی پێویستی کاری تێدایە – کەرەسەی خاو، ماتریالە لاوەکیەکان وەک (خەڵووزی بەردین، بۆیە، هتد)، وە ئامرازو ئامێر. وە ئیتر لێرە کارگەرەکە دەستدەکات بە کار کردن. کرێی کارەکەیشی، وەک پێشتر گووتمان، ٣ شیلینگە، وە هیچ جیاوازیەکیشی نیە ئەگەر ئەمە بە ڕۆژانە پەیدا بکات یان بە پارچە. دووبارە گریمان کارگەرەکە، لە ١٢ کاژێردا،

به کارەکەی بەهایەکی نویێ بە بڕی ٦ شیلینگ، دەخاتە سـەر ئەو ماتریـالە خـاوانەی بەکـاردەبرێن، ئەو بەهـا نوێیە، دوای تەواو بـوونی پارچەکەو فرۆشـتنی، دەسـت سـەرمایەدارەکە دەکەوێـت. لەم بەهـا نـوێیە، ٣ شـیلینگ دەداتە کرێکـارەکەو ٣ شـیلینگەکەی تـر هەڵـدەگرێت بـۆ خۆی. جا ئەگەر کرێکارەکە لە ١٢ کاژێردا، بەهـایەکی ٦ شیلینگی دروست بکات، ئەوا ئەو لە ٦ کـاژێردا بەهـایەک دروسـت دەکـات بـڕی ٣ شـیلینگە. دەرئەنجـام دوای ٦ کـاژێر کـار بـۆ سـەرمایەدارەکە، ٣ شـیلینگی دەسـت دەکەوێـت وەک کرێـی کـار. دوای ٦ کـاژێر کـار، ئیتـر هەریەکە ئـازادە لەوی تـرو هیچـی تریشـیان نـاکەوێتە ئەستۆ بەرامبەر بە یەکتر.

"نـا، نـا، بوەسـتە!" ئەمجـارە سـەرمایەدارەکە هـاوار دەکـات: "مـن کرێکـارەکەم بـۆ ڕۆژێکـی تەواو بەکـریێ گرتووە، بۆ ١٢ کاژێر. بەڵام ٦ کاژێر هەر تەنها نیوەی ڕۆژەکەیە. کەواتە دەبێت کارەکە بە چالاکیەکی زینـدوو تەواو بکرێت تا ٦ کاژێرەکەی تریش تەواو دەبێت –وە تەنها ئەوکاتە، ئیتر هیچمان بەسەر یەکترەوە نامێنێت". وە لە ڕاستیدا، لەسەر کرێکارەکەیە خۆی ببەستێت بەو ڕێکەوتنەوە کە "هەر بە ئیرادەی خۆی" ڕازی بووە پێی و پەیمانی داوە ١٢ کاژێری تەواو کار بکات بەرامبەر بە بەرهەمی کارێک کە تەنها ٦ کاژێر کاری تێدەچێت.

ئەمە لە کـــاری بە پارچەیشـــدا هەروایە. گریمـــان کرێکارەکەمان لە ١٢ کاژێردا ١٢ پارچە لە کاڵا دروست دەکات. وە هەموو پارچەیەک ٢ شیلینگی تێدەچێت بۆ ماتریالی خاوو بەکاربردنی ئامێرو دەیفرۆشێت بە دوو شـــیلینگ و نیـــو. لە گریمـــانەکەی پێشـــووماندا، ســـەرمایەدارەکە ٢٥ پێنس دەداتە کرێکـــارەکە بـــۆ هەر پارچەیەک، کە تێکڕا دەکاتە ٣ شیلینگ بۆ ١٢ پارچە. بۆ ئەمە دەبێـــت کرێکـــارەکە ١٢ کـــاژێر کـــار بکـــات. ســـــەرمایەدارەکە ٣٠ شـــــیلینگی لەو ١٢ پـــــارچەیە دەستدەکەوێت، دوای دەرکردنی ٢٤ شیلینگ لەو بڕە بۆ ماتریالی خاوو بەکاربردنی ئامێر، ٦ شیلینگ دەمێنێتەوە کە ســـەرمایەدارەکە ٣ ی دەدات بە کرێـــی کـــارداو ٣ ی تری، هەروەک جاری پێشوو، دەخاتە باخەڵی خۆی. وە هەروەها لێرەدا، کرێکارەکەیش ٦ کاژێر کار دەکات بۆ خۆی –واتە لە بری کرێی کارەکەی (هەر نیو کاژێر لە ١٢ کاژێرەکە)، وە ٦ کاژێریش بۆ سەرمایەدارەکە.

ئەو ناڕەحەتیەی هەوڵەکانی چاکترین ئابووریناسی تێکشـــکاندووە، ئەوەیە کە ئەوان لە بەهـــای کـــارەوە دەستیان پێکردووە، بەڵام ئێمە لە بەهای هێزی کارەوە دەســـــت پێـــدەکەین. هێـــزی کـــار لەم کۆمەڵگـــا سەرمایەداریەی ئێستاماندا، کاڵایە وەک هەموو کاڵایەکی تـــر، هێـــزی کـــار، یەکەی هێـــزی دروســـتکاری بەهـــایە، ســـەرچاوەی بەهـــایە، زیـــاتر لەوەیـــش، ســـەرچاوەی بەهـــایەکی زیـــاترە لەو بەهـــایەی خـــۆیی پـــێ بەرهەم

دەهێنێـتەوە. لە حـاڵی ئێسـتای بەرهەمهێنانیشـدا، هێـزی کاری مرۆیی، لە ڕۆژێکدا، هەر تەنها بەهایەکی گەورە تر لەو بەهـــــایە بەرهەم ناهێنێـــــت کە تێچـــــوونی بەرهەمهێنـــانەوەی خـــۆیەتی؛ بەڵکـــو لە هەمـــوو دۆزینەوەیەکـی زانسـتیانەی نوێـدا، لە هەر داهێنـانێکی تەکنیکــی نوێــدا، زێــدەی بەرهەمهێنــانەوەی ڕۆژانەی بەرزتر دەبێتەوە بە بەراوورد لەگەڵ تێچوونی ڕۆژانەی، ئەمە لە کاتێکا کە هەروەک دەرئەنجامی ئەم حاڵەتە، ئەو بەشــە لە ڕۆژی کــار کەمــدەکاتەوە کە کرێکــار تێیــدا، بەرابەری کرێـی کـارەکەی بەرهەم دەهێنێـت، لە لایەکـی ترەوە، ئەو بەشە لە ڕۆژی کار زیاد دەکات کە کرێکار ناچـارە تێیـدا، کارێـک بە خـۆڕایی پێشـکەش بکـات بە سەرمایەدارەکە.

ئـا ئەمە یاسـای ئـابووری ئەم کۆمەڵگـا مۆدێرنەمـانە: چینـــی کـــارگەر بە تەنهـــا خـــۆی، هەمـــوو بەهاکـــان بەرهەمـدەهێنێت. بەهـا هـیچ نـیە دەربڕینێکـی تـری کـار نەبێت، واتە دەربڕی دەستنیشـان کردنی ئەو چەندایەتیە لە کـــاری کـــۆمەڵایەتی بەرجەســـتە بـــوو، لە کـــاڵایەکی دیاریکراوی کۆمەڵگای سـەرمایەداری ئەم ڕۆژگارەماندا. بەڵام ئەو بەهایـــانەی کرێکـــاران بەرهەمیـــان دەهێـــنن، ناگەڕێنەوە بۆ کرێکاران خۆیـان، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەســـەی ماتریـــاڵە خاوەکـــان و ئـــامێرو ئـــامرازو پارەکانیان، توانای کڕینی هێزی کـاری چینی کارگەریـان دەداتێ. هەر بەوجۆرە، لە هەموو ئەو شتانەی کرێکـاران بەرهەمی دەهێنن، هیچیان بۆ ناگەڕێتەوە، تەنها بەشێک نەبێـت. وەک بینیشــمان، بەشــەکەی تــر کە بــۆ چینــی

سەرمایەدار دەمێنێتەوە، لەگەڵ چینی خاوەن زەویوزاردا دابەشی دەکەن[5]، کە ئەمەیش، بە هەموو دۆزینەوەو داهێنانێکی نوێ، زیاتر دەکات، ئەمە لەکاتێکا ئەو بەشەی بۆ چینی کرێکار دەگەڕێتەوە (بۆ هەر تاکێک)، کەمیشەو زۆر لەسەرخۆیش زیاد دەکات، وە یان هەر هیچ زیاد ناکات، لە هەندێ مەرجی دیاریکراویشدا، دەشێت تەنانەت کەم ببێتەوە.

بەڵام ئەم دۆزینەوەو داهێنانەی بە خێراییەکی زۆر دەکەونە پشت یەکتریەوە، وە ئەو زیادبوونە بەردەوامە خێرایەیشی کاری مرۆیی برەو پێدەدات و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش زیاد دەکات و هەرگیز نموونەیشی نەبیستراوە، لە دواجاردا، لای کەم، ململانێیەک دروست دەکات، کە ئەم ئابووریەی ئێستای سەرمایەداری، دادەڕووخێنێت. لە لایەکەوە، سامانێکی لەبن نەهاتوو، وە زێدەیەک لە بەرهەمهێنان کە کڕیارەکان توانایان نابێت بیکڕن، لە لایەکی تریشەوە، بەشە

زۆرەکەی کۆمەڵگا کە بە پرۆلیتێر کراون، کراونەتە کرێگرتەو بێتوانا ماون لە دەستکەوتنی ئەو زێدەیەدا لە بەرهەمهێنراوەکان. وە دابەش بوونی کۆمەڵگایش بە

---

5. لە تێزەکانی مارکسدا هاتووە: چەندایەتی گشتیی زێدەی بەها، لە نێوان سێ کاتێگۆریدا لە خەڵک دابەش دەبێت: خاوەن پیشەسازی ئەو بەهایە لە گەڵ خاوەن زەویوزارو بانکۆکراتەکاندا دابەش دەکات لەشێوەی قازانجی پیشەسازی و قازانجی زەوی و سوودی بانکیدا (بڕوانە:کارل مارکس، بەهاو نرخ و قازانج، ئەو بەشە جیاوازانەی زێدەی بەهایان بەسەردا دابەش دەبێتەوە، ل : ٧٤) (وەرگێڕ).

چینێکی بچووک کە سنووری نیە لە دەوڵەمەندیدا، وە چینێکی گەورە لەو کرێکارە کرێگرتانەی لە هەموو خاوەنداریێتیەک داماڵراون، ئەمەیش یانی ئەوەی ئەم کۆمەڵگایە لە بەرهەمە لێشاوەکانیدا خنکاوە، کەچی زۆرینەی ئەندامەکانی بە دەگمەن یان بە هیچ جۆرێک لە هەژاریەکی بێسنوور ناپارێزرێن. ئەم مەرجەیش هەموو ڕۆژێک بێهودەتر دەبێت و هیچ پێویستیەکی نامێنێت، بۆیە هەڵوەشاندنەوەی بۆتە پێویستیەک و توانایش هەیە هەڵبوەشێنرێتەوە. توانای وەدی هێنانی ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی نوێ هەیە، کە ئەم جیاوازیە چینایەتیەی ئەم ڕۆژگارەی تێدا وون ببێت –لەوانەیە دوای تێپەڕبوونێکی کورت، لەگەڵ هەموو کەم و کوڕیەکدا لە هەندێ ڕووەوە، لە هەموو حاڵێکدا، سوودێکی ئەخلاقی گەورەی هەبێت[6]– لەوێدا کەرەسەکانی ژیان دەست دەکەون و

---

[6]. لێرەدا پێویستە تێڕوانینی مارکس دەربارەی ئەخلاق ڕوون بکەینەوە. بەلای مارکسەوە، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی بە ئەخلاقەوە نیە، بەڵکو ئەو ڕێکخستنە هیچ نیە هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی بەرهەمهێنان و یاسا ئابووریەکانی سەرمایە نەبێت: یاسای کاری کرێگرتە (یاسای بەها)، یاسای ڕکابەری (یاسای خستنەڕوو داخوازی)، هتد. مارکس دەڵێت: "کۆمۆنیستەکان لە هیچ حاڵێکدا، مژدەی ئەخلاق نادەن، ئەوە شترنرە بەشێوەیەکی ئێجگار فراوان مژدەی ئەخلاق دەدات. کۆمۆنیستەکان ئەو داخوازیە ئەخلاقیە پێشنیار ناکەن بۆ خەڵکی: یەکتریتان خۆش بوێت، خۆویست مەبن، هتد، بەپێچەوانەی ئەوەوە، ئەوان باش دەزانن خۆویستی، هەروەک دڵسۆزی، لە بارودۆخی دیاریکراودا شێوەیەکی پێویستی دڵنیاکردنەوەی خودە لە تاکەکانەوە". وە هەروەها دەڵێت: ".. بێگومان ئەم شتانە هەموو، نەدەدۆزرانەوە تا ئەوکاتەی توانای ئەوە دەستکەوت ڕەخنەی ئەو مەرج و

لەزەت لە ژیـــان دەبینرێـــت، پێشـــکەوتن و چـــالاکی جەســـتەیی و توانـــای عەقڵـــی هەمـــوو کەس، بەهـــۆی بەکارهێنانێکی سیستماتیکی و گەشەی بەردەوامی هێزە زەبەلاحەکەی بەرهەمهێنـانی کۆمەڵگـاوە، ئەو هێـزەی کە هەر لەگەڵمانـــا دێـــت، ئەمە لەگەڵ هاوبەشـــی کردنـــی هەموانـــدا لە کـــار کردنـــدا بە یەکســـانی. خـــۆگری کـارگەرانیش تادێت زیـاتر دەکات بۆ وەدی هێنـانی ئەو ڕێکخســـــتنە کـــــۆمەڵایەتیە نـــــوێیە لە هەردوو بەری ئۆقیانووســـەوە، لە ڕۆژی هەڵاتنـی یەکـی ئایـارو ڕۆژی یەک شەممەدا، ٣ ئایار[7].

فرێدریک ئینگڵس
لەندەن، ٣٠ ئەپریل ١٨٩١

---

پەیوەنـــدیانەی بەرهەمهێنـــان بگیرێـــت کە جیهـــان لە ڕێـــڕەوە مێژووییەکەیدا بەخـۆیەوە بینـی بـوو، واتە تـا ئەوکـاتەی ململانێـی نێـوان برجـوازیەت و پرۆلیتاریـا بـووە هـۆی سـەرهەڵدانی تیـۆریە کۆمۆنیسـتی و سۆشیالیسـتیەکان. ئەو ڕەخـنەیە بنچینـەی هەمـوو ئەخلاقێکی تێکشکاند ... " (کارل مـارکس، الایدیولوجیة الالمانیة، ل: ٢٥٨ و ٤٥٥) (وەرگێڕ).

7. ئیـــنگڵس ئیشـــارەت بە یـــادی ١ ی ئایـــاری ١٨٩١ دەدات (وەرگێڕ).

# سەرەتا

لەملاولای جیاوازەوە لۆمە کراوین لەسەر ئەوەی وەسفی ئەو هەلومەرجە ئابووریانەمان نەکردووە کە پێکهێنەری بناغەی ماتریالیستیی خەباتی چینایەتی و نەتەوەکانی هاوچەرخن.

ئێمە تا ئێستا، بە هەندێ هۆکار، تەنها لەوکاتانەدا، ئەو بارودۆخەمان تاووتوێ کردووە، کە وەک پێویست، لەسەر ئاستی ململانێ سیاسیەکان، خۆیان نیشان داوە.

وە پێویستیش بوو، سەرباری هەموو شتێکی تر، شوێن گەشەی خەباتی چینایەتی بکەوین لە مێژووی ئەم ڕۆژگارەی خۆماندا، وە ئەمەیش تاقیگەییانە بسەلمێنین، بەو ماتریاله مێژووییە بەکردەوانەی ڕۆژانە سەرهەڵدەدەن، وە شکستی چینی کرێکار، ئەو چینەی دینەمۆی جوولێنەری ڕۆژەکانی فێبروەری و مارس[8] بوون، ١٨٤٨، لە هەمانکاتدا شکستی دوژمنەکانی ئەو چینەیش بوو —لە فەرەنسا برجوازیە کۆمارییەکان، لە

[8] . مەبەست لە شۆڕشەکانی ٢٣-١٨٤٨/٢/٢٤ ی پاریس و ٣/١٣ ی ڤیەنناو ٣/١٨ ی بەرلینە (وەرگێڕ).

تەواوی کیشـــوەری ئەوروپـــادا چیـــنە برجـــوازی و جووتیاریەکان –کە لە تێکۆشاندا بوون دژی دەسەڵاتی ڕەهـــای دەرەبەگـــایەتی؛ وە ســـەرکەوتنی "کۆمـــارە خۆپـارێزەکە" لە فەرەنسـادا، لە هەمانکاتـدا شکسـتی ئەو نەتەوانە بوو کە وەڵامی شۆڕشی شوباتیان بە جەنگی پاڵەوانـانە دایەوە لە پێنـاوی سـەربەخۆییدا؛ دواجـاریش ئەوروپـــا، بە ســـەرکەوتنی بەســـەر کـــارگەرە شۆڕشـگێرەکاندا، گەڕایەوە نێـو کـۆیلایەتیە کـۆنە دوو لایەنـــیەکەی خـــۆی، کـــۆیلایەتی ئەنگلـــۆ-ڕووســـی. ململانێکـانی حـوزەیران لە پاریسـدا، ڕووخـانی ڤییەنـا، تراژیدیە-کۆمیدیەکەی بەرلین لە نۆڤامبری ساڵی ١٨٤٨ دا، هەوڵە بێ ئومێدەکانی پۆلۆنیاو ئیتالیاو هەنگاریـا، وە برسـی کردنـی ئیرلەنـدە تـا ئاسـتی خۆبەدەسـتەودان – ئەمـانە ئەو ڕووداوە سـەرەکیەکانە بـوون کە خەبـاتی چینایەتی نێوان برجوازیەت و چینی کرێکاری ئەوروپی تێیدا ڕەنگی دەدایەوە، وە هەر بەو هۆیەیشـەوە ئەوەمـان بـۆ سـەلمێنرا، هەمـوو ڕاپەڕینێکـی شۆڕشـگێری، کە ئامـانجەکەی دوور لە خەبـاتی چینـایەتی دەربکەوتـایە، هەردەبـوایە وەک پێویست، تووشی شکست بهاتـایە تـا ئەوکـاتەی چینـی کرێکـاری شۆڕشـگێر، سـەرکەوتنی بەدەست دەهێنا؛ -وە هەموو ڕیفۆرمێکی کۆمەڵایەتییش، هەر تەنهـا یۆتۆپیـایەک دەبـوو هەتـا پرۆلیتاریـای شۆڕشـگێرو شۆڕشـی بەراوەژووی دەرەبەگـایەتی

ڕووبەڕووی یەکتـر وەسـتانەوە لە جەنگێکـی فراوانـی جیهانیـــــدا. وە لە لێکۆڵینەوەکەمانـــــدا، هەروەک لە واقیعیشـدا، بەلجیکـاو سویسـرا، وێنەیەکـی تراژیـدی-کۆمیـدی کاریکـاتێری بـوون لە تـابلۆیەکی مێژوویـی مەزنـــدا، یەکێکیـــان مـــۆدێلێکی دەوڵەتـــی برجـــوازی پادشایەتی بوو، ئەوی دی مۆدێلیکی دەوڵەتی برجوازیی کۆمـاری؛ هەردووکیشـیان ئەو دەوڵەتـانەن خۆیـان وا دەردەخەن وەک ئەوەی سـەربەخۆ بـن لە خەبـاتی چینایەتی و شۆڕشی ئەوروپییش.

وە ئیتـر ئێسـتا، دوای ئەوەی خوێنەرانمـان بینیـان، خەبـاتی چینـایەتی لە سـاڵی ١٨٤٨ ەوە، لە گەشـەیدا، لایەنی سیاسی هەمەجۆرەی گرتۆتەخۆ، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە زیاتر لە نزیکەوە، بکەوینە پشکنینی خودی ئەو مەرجە ئابووریـانەی بـوونی چینـی سـەرمایەداری و سەروەرێتی چینەکەی و کۆیلایەتی کرێکارانیشی لەسـەر وەسـتاوە. ئەم بـابەتەیش لە سـێ بەشـی گەورەدا دەناسێنین:

١-پەیوەنـدی نێـوان کـاری کرێگـرتەو سـەرمایە، کۆیلایەتی کرێکار، سەروەرێتی سەرمایە؛

٢- لەناو چوونی حەتمی چینە برجوازیە ناونجیەکان و ئەوانەی نـاودەبرێن بە جووتیـاران، لە سـایەی ئەم سیستمەدا؛

٣- ملکەچ پێکردنی بازرگانی و چەوساندنەوەی چینە برجوازیەکانی نەتەوە ئەوروپیە جیاوازەکان لە یەک تاکە سەروەری بازاڕی جیهانیەوە -ئینگلترە.

هەوڵیش دەدەین تا بتوانین ئاسان و میللییانە ئەمە پێشـــکەش بکەیـــن، وە وایـــدادەنێین خـــوێنەر هـــیچ مەعریفەیەکـی پێشـوەختی نـیە تەنـانەت بە سـادەترین کۆنسێپتی ئابووری سیاسی. دەمانەوێت کارگەران تێمان بگەن. جگە لەوەیش، جەهلێکی سەرسووڕهێنەرو تێکەڵ کردنـــی ئایـــدیاکان دەربـــارەی ئاســـانترینی پەیوەنـــدیە ئابووریەکـان، لە هەمـوو شـوێنێکی ئەڵمانیـادا سـەروەرە، ئیتـر ئەمە هەر لەو کەسـانەوە کە خـاوەنی داهێنـانن لە لایەنگیـــری ئەم بـــارودۆخەی ئێســـتادا، تـــا دەگـــاتە ئەوانەیشی کە دروستکاری موعجیزەی سۆشیالیستیین لەگەڵ سیاســـیە عەبـــقەریە دان پێـــدا نەنراوەکانیشـــدا، ئەمەیـــش لەو ئەڵمانیـــا دابەش کـــراوەدا کە تەنـــانەت لە وولاتی باووباپیرانیان دەولەمەند ترە.

با ئێستا بڕوانینە کێشەی یەکەم.

## کرێی کار چیە؟

ئەگەر پرسیار لە ژمارەیەک کرێکار بکەین دەربارەی کرێـــی کارەکەیـــان، یەکێکیـــان وەڵام دەداتەوە: "مـــن لە ڕۆژێکدا یەک شـیلینگ لە خـاوەن کـارەکەم وەردەگـرم"، دووهەم وەڵام دەداتەوە: "مـن دوو شـیلینگ وەردەگـرم"، وە هەر بەو چەشـــنە. وە بەپێـــی ئەو لـــقە جیـــاوازانەی پیشەسـازی کە کاریـان تێدا دەکەن، هەریەکەیـان بڕێکـی جیـــاواز دەڵـــێن لەو پـــارەیەی لە ســـــەرمایەدارەکەی وەردەگرن بەرامبەر بە کارێکی دیاری کراو، بۆ نمـوونە بەرامـبەر بە چنینـی مەترێـک قومـاش یـان ڕێکخسـتنی کـاغەز لە چاپخانەیەکـدا. وە ســـەرباری جیاوازییـان لە وەڵامەکانیاندا، ئەوان هەموویان کۆکن لەسەر یەک خاڵ: کرێـی کـار بڕێـک پـارەیە کە سـەرمایەدارەکە دەیـدات، لەبری کاتێکی دیاری کراوی کار، یان لەبری ئەنجامدانی کارێک.

کەواتە سـەرمایەدارەکە کـاری کرێکارەکـان بە پـارە دەکڕێـت. ئەوانـیش لەبـری پـارە، کارەکەیـانی پـێ

دەفرۆشــن. بەڵام ئەمە هەر خەیـاڵە. لە ڕاسـتیدا ئەوەی ئەوان دەیفرۆشـن بە سـەرمایەدارەکە بەرامبەر بە پـارە، ئەوە هێزی کارەکەیانە. سـەرمایەدارەکە ئەم هێزی کـارە دەکڕێت، ئیتـر بـۆ ڕۆژێـک، هەفتەیەک، مانگێک، وە هەر بەوجۆرە. دوای کڕینی، دەکەوێتە بەکارهێنانی، ئەمەیش بە بەکارهێنــانی کــارگەرەکە لەو مــاوەیەی پـــێکەوە بڕیاریــان لەســـەرداوە. وە هەر بەو بــڕە پــارەیەی کە سـەرمایەدارەکە هێـزی کـاری کرێکـارەکەی کڕیـوە، بـۆ نمـوونە بە ٢ شـیلینگ، کرێکـارەکە دەتوانێت ٢ کیلـۆگرام شـەکر یـان چەندایەتیەکی دیـاری کراو لە هەر کـاڵایەکی تـر بکڕێت. بەو ٢ شـیلینگە ٢ کیلـۆ شـەکر دەکڕێت، واتە ئەوە نرخی ٢ کیلۆ شـەکرە. ئەو ٢ شـیلینگەی ١٢ کـاژێر، بەکارهێنـانی هێـزی کـاری پێکـڕدراوە، ئەوە نرخــی ١٢ کاژێر کار کردنە. کەواتە هێزی کارەکە، بەبێ زیادو کەم، کـاڵایەکە وەک شــەکرەکە. یەکەمیـان بە کـاتژمێر پێـوانە دەکرێت، دووهەمیان بە تەرازوو.

کرێکارەکـان کـاڵاکەی خۆیــان، هێــزی کارەکەیــان، ئــاڵوگۆڕ دەکەن لەگەڵ کــاڵای ســـەرمایەدارەکە، لەگەڵ پارە. زیاتر لەوەیش، ئەم ئاڵوگۆڕە، بە ڕێژەیەکـی دیـاری کــراو ڕوودەدات. ئەوەنــدە لە پـــارە بـــۆ بەکارهێنـــانی ئەوەندە لە هێزی کار. ٢ شیلینگ بۆ ١٢ کـاژێر لە چنین. وە ئایــا ئەو ٢ شــیلینگەیش، بەرامــبەر نــاکرێن بە هەر کـاڵایەکی تـر کە دەتـوانم بە ٢ شـیلینگ بیـانکڕم؟ هەر

بەوجـۆرە، کـارگەرەکە کـاڵاکەی خـۆی -هێـزی کـار- گۆڕیــوەتەوە بە جــۆری جیــاواز لە هەمــوو کاڵاکــان، ئەمەیــش بە ڕێژەیەکــی دیــاری کــراو. واتە کاتێــک ســـەرمایەدارەکە ٢ شـــیلینگ دەداتە کرێکـــارەکە، ئەو چەنـدایەتیەک لە گۆشـت، لە جـل و بەرگ، لە گەنـم، لە ڕووناکی یـان شـتی تـر دەداتە کـارگەرەکە، ئەمەیـش لە ئاڵوگۆڕ کردندا بەرامبەر بە ڕۆژی کارەکەی. کەواتە ئەو ٢ شـیلینگە دەربـڕی پەیوەنـدیەکە هێـزی کـاری تێـدا ئـــاڵوگۆڕ کـــراوە لەگەڵ کـــاڵای تـــر، کە ئەوە بەهـــای ئاڵوگۆڕی هێزی کارە.

بەهای ئاڵوگۆڕی کاڵایەکی دیاری کراو بە پارە، پێی دەگووترێت نرخـی کاڵاکە. کەواتە کرێـی کـار هەر تەنها نـاوێکی تـایبەتە بە نرخـی هێـزی کـار کە ناودەبرێـت بە نرخـی کـارەکە، نرخـی ئەو کـاڵا تـایبەتیەی کە تەنهـا لە گۆشت و خوێنی مرۆڤدا خەزن کراوە.

بـا یەکێـک لە کـارگەران وەربگـرین، ئیتـر هەر جـۆرە کارگەرێـک بێـت، بـۆ نمـوونە چنەرێـک. سـەرمایەدارەکە دەرزی و دەزووی دەخـاتە بەردەسـت. چنەرەکە دەسـت دەکـــــات بە کـــــارو دەزووەکە دەکـــــاتە قومـــــاش. سـەرمایەدارەکە قوماشـەکە دەبـات و دەیفرۆشـێت، بـۆ نمـوونە بە ٢٠ شـیلینگ. ئایـا ئەوکـاتە کرێـی چـنەرەکە، بەشـێکە لە جلەکـان، لەو ٢٠ شـیلینگە، لە بەرهەمـی ئەو کارە؟ نەخێر، هەرگیز. چنەرەکە بە مـاوەیەکی درێژ بەر

له فرۆشتنی جلەکان، تەنانەت بە ماوەیەکی درێژ بە ر لە چنینی قوماشەکە، کرێی کاری خۆیی وەرگرتووە. کەواتە ســـەرمایەدارەکە ئەو کــرێیە لەو پـــارەیە نـــادات کە لە قوماشەکە دەستی دەکەوێت، بەڵکو لە پارەیەک دەیدات لەوەوبەر لە دەســـتیدایە. وە هەروەک چـــۆن دەرزی و دەزووەکە بەرهەمی چنەرەکە نین -کە سەرمایەدارەکە داوێتیە دەسـتی- هەر بەو جـۆرەیش ئەو کاڵایـانەی بە ئاڵوگۆڕ لەگەڵ کاڵاکەی خۆی، لەگەڵ هێزی کارەکەی، دەســـتی کەوتـــوون، بەرهەمـــی ئەو نـــین. لەوانەیە سەرمایەدارەکە هەرگیز کڕیاری دەست نەکەوێت بۆ جل و بەرگەکان. وە یان تەنانەت ئەو بڕەیشی لە فروشتنی جلەکان دەست نەکەوێتەوە کە داوێتی بە کرێی کاردا. وە لەوانەیشـە بە قـازانجێکی زۆر بەرزتـر لە ڕێـژەی کرێـی کـاری چـنەرەکە بیفرۆشـێتەوە. بەڵام ئەمـانە هیچیـان بایەخێکیان نیە لەلای چنەرەکە.

سەرمایەدارەکە بە بەشێک لەو سامانەی هەیەتی، بە بەشێک لە سەرمایەکەی، هێزی کاری چنەرەکە دەکڕێت، بەهەمـــان شـــێوە کە بە بەشـــێکی تـــر لە ســـامانەکەی کەرەســـەی خاویشـــی کڕیـــوە – وەک دەزووەکە، وە ئامرازەکـانی کاریشـی کڕیـوە –وەک دەرزیەکە. دوای کڕینی ئەم شتانە، لە ناویشیاندا هێزی کاری پێویستی کڕیوە بۆ بەرهەمهێنانی قوماشـەکە، ئیتر ئەو هەر تەنها بەو کەرەسەی خاوو ئامرازی کارانەی کە بۆتە موڵکی

خۆی، دەست دەکات بە بەرهەمهێنان. بێگومان لەنێو ئەو ئامرازانەیشـــدا، چـــنەرە باشەکەیشـــمان یەکـــێکە لەو ئـامرازانەی کـار، کە هەر ئەوەنـدەی دەرزیەکە، بەشـــی هەیە لە بەرهەمەکەدا (لە جلەکانـــــدا)، واتە لە نرخـــــی بەرهەمەکەدا.

کەواتە کرێی کار بەشی کرێکار نیە لەو کاڵایەدا کە خـــۆی بەرهەمـــی دەهێنێـــت. کرێـــی کـــار بەشـــێکە لەو کاڵایانەی لە پێشدا هەن و سەرمایەدارەکە چەندایەتیەکی دیاری کراوی لە هێزی کاری بەرهەمهێن پێ دەکڕێت.

دەرئەنجـام: هێـزی کـار کـاڵایەکە، خـاوەنەکەی، واتە کـارگەری کرێگرتە، دەیفرۆشـێت بە سـەرمایەدار. بۆچی دەیفرۆشێت؟ بۆ ئەوەی بژی.

بەڵام بەکارهێنـــانی هێـــزی کـــار لە کـــاردا، ئەوە دەگەیەنێت، کار دەربڕی زیندووی خودی ژیانی کارگەر خـــۆیەتی. ئەو ئەم چـــالاکیەی ژیـــانی دەفرۆشـــێت بە کەســـێکی تـــر، ئەمەیـــش بـــۆ دابـــین کردنـــی ئـــامرازە گرنگەکـــانی بژێـــوی خـــۆیەتی. وە هەر بەوجـــۆرە، چـالاکیەکەی ژیـانی، سـەبارەت بە خـۆی، هـیچ نـیە ئامرازێک نەبێت بۆ ئەوەی پێی بژی. ئەو کار دەکات بۆ ئەوەی بـژی. کـاریش سـەبارەت بەو، بەشـێک نـیە لە ژیانی، بەڵکو بە پێچەوانەوە قوربانیدانە بە ژیانی. ئەوە کـــاڵایەکەو ئەو بە مەزادی عەلەنـــی[9] دەیفرۆشـــێت بە

---

[9]. فرۆشتنی ئاشکرا (مزاد علنی) مەبەست لەوەیە کێ زیاتری پێبـــدات، دەیفرۆشـــێت بەوکەســـە. لێـــرەدا هەر ئەو دەربـــڕینەم بەکارهێناوە کە لە کوردەواریدا ناسراوە: مەزادی عەلەنی! (وەرگێڕ).

کەسێکی تر. بۆیە بەرهەمی چالاکیەکەی ئەو، مەبەستی چالاکیەکەی ئەو نیە. ئەوەی ئەو بۆ خۆیی بەرهەم دەهێنێت، ئەوە کرێی کارە، ئەوە ئەو ئاوریشمە نیە ئەو دەیچنێت، ئەو ئاڵتوونە نیە لە کانی ئاڵتوون دەریدەهێنێت، وە ئەو کۆشکەیش نیە بینای دەکات. ئاوریشمەکەو ئاڵتوونەکەو کۆشکەکە سەبارەت بەو، هەر تەنها چەندایەتیەکی دیاری کراوە لە ئامرازەکانی بژێوی، کە لەوانەیە ببێتە چاکەتێک لە لۆکە، یان ووردە پارەیەک لە مس، وە یان ژوورێک لە ژێر زەمینێکدا، وە ئەو کارگەرەی بەدرێژایی ١٢ کاژێر خەریکی ڕێسان، یان چنین، یان کون کردن، یان چاڵ هەڵکەندن، یان بەرد شکاندن، یان شت هەڵگرتن، یان شتێکی تر دەبێت، ئایا ئەو ١٢ کاژێرە لە ڕێسان، یان چنین، یان کون کردن، یان چاڵ هەڵکەندن، یان بەرد شکاندن، دەربڕی ژیانێتی، وەک ژیان؟ نەخێر، ئەمە بە تەواوی بە پێچەوانەوەیە. ژیان سەبارەت بەو، ئەوکاتە دەست پێدەکات کە لەو چالاکیە دەبێتەوە، لەسەر نان خواردنەکەی، لە شوێنی خواردنەوە، لەسەر جێگای خەو. بەڵام ئەو ١٢ کاژێرە، هەرگیز بۆ ئەو، واتای ڕێسان و چنین و کون کردن و شتی لەو جۆرە نیە، بەڵکو مانای دەسکەوتێکە کە بواری دەدات بخوات، بچێتە یانەیەک، بخەوێت. ئەگەر کرمی ئاوریشم خەریکی چنین بوایە بۆ مسۆگەر کردنی ژیانی خۆی وەک کرم، ئەوا دەبووە کرێکارێکی کرێگرتەی نموونەیی.

هێزی کار هەمیشە کاڵا نەبووە. کار هەمیشە کاری کرێگرتە نەبووە، واتە کاری ئازاد نەبووە. کۆیلە هێزی

کاری خۆی نەفرۆشتووە بە خاوەن کۆیلەکە، هەروەک چۆن گایەک کارەکەی نافرۆشێت بە جووتیارێک. کۆیلەو هێزی کارەکەی، یەکجارو بۆ هەمیشە فرۆشراون بە خاوەن کۆیلەکان. ئەو کالآیەکە کە دەتوانرێت لە دەستی ئەم خاوەن کۆیلەوە بچێت بۆ دەستی ئەوی تریان. ئەو خۆی کالآیە، بەڵام هێزی کارەکەی کالآی خۆی نیە. کۆیلەی زەویش هەر تەنها بەشێکی هێزی کارەکەی دەفرۆشێت، ئەوە ئەو نیە کرێی کار لە خاوەن زەویەکە وەردەگرێت؛ بەڵکو، ڕاستتر، دەبێت ئەو موڵکانە بداتە خاوەن زەویەکە. کۆیلەی زەوی بەستراوە بە زەویەوەو بەروبوومی زەویەکەیش دەداتە سەروەرەکەی. بەڵام کرێکاری ئازاد خۆی، خۆی دەفرۆشێت، بەڵام بەش بەش. ئەو، ئەمڕۆ وەک سبەینێ، هەر بە مەزادی عەلەنی، ٨، ١٠، ١٢، ١٥ کاژێر لە ژیانی، دەداتە هەر کەسێک کە بەرزترین نرخی دەداتێ، دەیداتە خاوەنی کەرەسەی خاوو ئامرازی کارو کەرەسەکانی بژێوی، دەیداتە سەرمایەدارەکە. کرێکار موڵکی خاوەنکار نیەو نەبەستراوە بە زەویەوە، بەڵام ٨، ١٠، ١٢، ١٥ کاژێر لە ژیانی ڕۆژانەی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکەسەی دەیکڕێت. کارگەریش هەرکات ویستی، ئەو سەرمایەدارە جێدەهێڵێت کە خۆیی پێداوە بە کرێ، سەرمایەدارەکەیش هەرکات بۆ خۆی باش بوو، یان کە ئیتر کارگەرەکە بۆ بەکارهێنان دەستی نەدا، یان ئیتر سوودی لێوەرناگرێت،

وازی لێدەهێنێت. بەڵام ئەو کرێکارەی تەنها سەرچاوەی دەستکەوتی، هەر فرۆشتنی هێزی کارەکەیەتی، ناتوانێت واز لە هەمـوو چینـی کڕیـار، واتە چینـی سـەرمایەدار بهێنـێ، ئەمە ئەگەر واز لە بـوونی خـۆی نەهێنێـت. ئەو نەبەسـتراوەتەوە بەم یـان ئەو سـەرمایەدارەوە، بەڵکـو بەستراوە بە هەمـوو چینی سەرمایەداریەوە؛ وە دەبێت ئەو خـۆی بگەڕێ تـا یەکێـک بدۆزێتەوە، واتە کڕیارێک لەو چینە سەرمایەداریەدا بدۆزێتەوە.

وە بەر لەوەی نزیکتـر ببیـنەوە لە پەیوەنـدی نێـوان سـەرمایەو کـاری کرێگـرتە، بە کـورتی ئەو بـارودۆخە گشتیە لەبەرچاو دەگرین کە کرێی کاری پێ دەستنیشان دەکرێت.

وەک بینیمـان کرێـی کـار، نرخـی کـاڵایەکی دیـاری کـراوە، نرخـی هێـزی کـارە. کەواتە کرێـی کـار، هەر بە هەمان ئەو یاسایانە دەستنیشان دەکرێت کە نرخی هەر کـاڵایەکی تـری پـێ دەستنیشـان دەکرێـت. بـۆیە ئەو پرسـیارەی دێـتە پێشـەوە ئەوەیە: چـۆن نرخـی کـاڵا دەستنیشان دەکرێت؟

## نرخـــی کـــاڵا بە چـــی دەستنیشـــان دەکرێت؟

نرخـــی کـــاڵا بەهـــۆی ڕکـــابەری نێـــوان کڕیـــارو فرۆشیارەوە، بە پەیوەندی نێوان خستنەڕوو داخوازی، بە پێداویســـــتی و پڕکـــــردنەوەی ئەو پێداویســـــتیە، دەستنیشـــان دەکرێـــت. ڕکـــابەرییش کە نرخـــی کـــاڵا دەستنیشان دەکات، سێ لایەنەیە.

هەمـــان کـــاڵا، لە فرۆشـــیاری جیاوازجیـــاوازەوە پێشکەش دەکرێت. ئەو کەسـەی کاڵایەک دەفرۆشـێت لە هەمـان جـۆری ئەوانـی تـر، بەڵام هەرزانتـر لەوان، ئەوا، بەدڵنیـاییەوە، ئەوانـی تـر لە مەیـدانەکە دەکـاتە دەرەوەو بـازاڕێکی گەورەتـر بـۆ خـۆی مسـۆگەر دەکـات. ئـا بەمجۆرە، فرۆشیارەکان لەسەر فرۆشتن، لەسـەر بـازاڕ، لە تێکۆشـاندان دژی یەکتـر. هەریەکە لەوان ئـارەزووی فرۆشـتن دەکـات، وە دەیەوێـت تـا دەتوانێـت بفرۆشـێت، ئەگەر بۆیشی بلوێت؛ دەیەوێت خۆی تەنها فرۆشیار بێت و هـیچ فرۆشـیارێکی تـر بـوونی نەبێـت. هەر بـۆیە ئەم

فرۆشـــیار لەوی تریـــان هەرزانتـــرە. هەر بەوجـــۆرە، ڕکـابەریەک لە نێـوان فرۆشـیارەکاندایە کە دەبێـتە هـۆی دابەزینی نرخی ئەو کاڵایانەی پێشکەش دەکرێن.

بەڵام لە هەمانکاتدا ڕکابەری لە نێوان کڕیارەکانیشـدا هەیە؛ ئەمەیـــش لەلای خـــۆیەوە، نرخـــی ئەو کاڵایـــانە بەرزدەکاتەوە کە دەخرێنەڕوو.

دواجـار ڕکـابەری نێـوان کڕیـارو فرۆشـیار ئەوەیە: ئەمیـان دەیەوێـت هەرزانتـرین نرخـی دەسـت بکەوێـت، ئەویان دەیەوێت بە گرانترین نـرخ شـت بفرۆشـێت. بەڵام دەرئەنجامی ئەم ڕکابەریە لە نێوان کڕیـارو فرۆشـیاردا، لەسەر پەیوەندی نێوان ئەو دوو ئۆردوگایە وەستاوە کە یادمان خستنەوە، لەسەر ئەوە وەستاوە ئایا ڕکابەری لە سـوپای فرۆشـیاراندا بەهێـز تـرە. پیشەسـازی، ئەو دوو سـوپا گەورەیە بەکێش دەکاتە مەیدانێکەوە دژی یەکتـر، هەمـــوو ئەمـــانەیش، بە شـــەڕی نـــاوخۆیی هێزەکـــانی خۆشـــیانەوە خەریکـــن لەنێـــو ڕیزەکـــانی خۆیانـــدا. ئەو سوپایەیشـی لە ڕیزەکـانی خۆیـدا ناکۆکیەکـانی کەمتـرە، بەسەر سوپای دژدا سەردەکەوێت.

گریمان ۱۰۰ فەردە لۆکە لە بـازاڕدایە، هەر لەوکـاتەدا کڕیارەکـان، پێویسـتیان بە ۱۰۰۰ فەردە لـۆکەیە. ئـا لەم حـاڵەدا، داخـوازی دە جـار لە خسـتنەڕوو زیـاترە. بـۆیە ڕکابەری لە نێوان کڕیارەکاندا زۆر بەهێزە؛ هەریەکەیـان دەیەوێت فەردەیەک، یان ئەگەر بتوانێت، هەر ۱۰۰ فەردە

لۆکەکەی دەست بکەوێت. ئەمەیش گریمانەیەک نیە هەروا لەخۆوە هاتبێت. لە مێژووی بازرگانیدا سەردەمی وامان بینیوە بە دەگمەن لۆکەی تێدا دەستکەوتووە، وە سەرمایەدارە هاوپەیمانەکان هەوڵیان داوە؛ نەک هەر ۱۰۰ فەردە، بەڵکو هەموو گەنجینەکانی لۆکە بکڕن لە هەموو جیهاندا. لە حاڵێکی ئاوادا، ئەم کڕیار دەیەوێت ئەو کڕیار لە مەیدانەکە بکاتە دەرەوە، ئەمەیش بەوەی نرخێکی ڕێژەیی بەرزتر بدات بە کڕینی لۆکەکە. کاتێک فرۆشیارانی لۆکەکەیش هێزەکانی دوژمن دەبینن لەم ناکۆکیەدا لەنێوان خۆیاندا، وە دڵنیا دەبن لەوەی هەر ۱۰۰ فەردەکەیان بۆ دەفرۆشرێت، ئەوجا بەووریاییەوە گوێی یەکتر ڕادەکێشن[10] لەسەر ئەوەی ئا لەو چرکەساتە گرنگەدا کە دژەکانیان پێشبڕکێ دەکەن لەسەر بەرزترین نرخ، نرخی لۆکەکە دانەبەزێنن. واتە هەر لە ناکاوێکدا ئاشتی باڵ بەسەر سوپای فرۆشیارەکاندا دەکێشێت. هەموویان وەک یەک کەس ڕووبەڕووی کڕیارەکان دەبنەوە، وە هەروەک فەیلەسووفەکان شان دەنێن بە شانی یەکەوەو داخوازیەکانیشیان هیچ سنوورێکی نامێنێت، مادام کڕیارەکان سنوورێکی دیاری کراویان لە بەردەمدا نەماوەتەوە.

---

[10] . لە نووسینەکەدا هاتووە: قژی یەکتر ڕادەکێشن. بەڵام لە کوردیدا ئەمە بە "گوێ ڕاکێشان" هاتووە (وەرگێڕ).

هەر بەوجۆرە، ئەگەر خستنەڕووی کاڵایەک کەمتر بێت لە داخوازی لەسەری، ئەوکاتە یان ڕکابەریەکی لاواز، وە یان هیچ ڕکابەریەک لەناو فرۆشیارەکاندا ڕوونادات. بە هەمان ڕێژەی دابەزینی ئەو ڕکابەریە، ڕکابەری نێوان کڕیارەکان بەرز دەبێتەوە. دەرئەنجام: بەرزبوونەوەیەکی کەم یان زۆر لە نرخی کاڵاکاندا.

وەک ئاشکرایشە، گەلێ جار، حاڵەتی پێچەوانەیش دووبارە دەبێتەوە لەگەڵ دەرئەنجامێکی پێچەوانە. زێدەیەکی زۆر لە خستنەڕوو بە پەیوەندی لەگەڵ داخوازی: ڕکابەریەکی توند لە نێوان فرۆشیارەکاندا. کەمی کڕیار: فرۆشتنی کاڵاکان بە نرخێکی ئێجگار هەرزان[11].

---

[11] . "دەرئەنجام": دەرهێنان یان وەرگرتنی یاسای ئابووری، هەروەک گەیشتن بە یاسایەکی ماتماتیکی یان یاسایەکی فیزیاییە. واتە ئەم یاسایەنە بۆچوون نین، بەڵکو، وەک هەموو ئەو بوارە جیاوازانەی تر، تاقیگەییانە، پشکنینیان لەسەر دەکرێت. مارکس دەڵێت: " هیچ بە پێویستی نازانم ئەو خوێنەرانە دڵنیا بکەمەوە کە شارەزای ئابووری سیاسین، من بە تەواوی لە ڕێی شیکردنەوەی تاقیگەییەوە گەیشتوومەتە ئەو دەرئەنجامانەی لەسەر ڕەخنەیەکی شیکاریانەی ئابووری سیاسی وەستاوە"، " لە شیکردنەوەی فۆرمە ئابووریەکاندا ناتوانرێت نە مایکرۆسکۆب بەکاربهێنرێت و نە دۆزەرەوە کیمیاییەکان، بەڵکو دەبێت هێزی ئابستراکت کردن بخرێتە جێگای ئەمیشیان و ئەویشیان" (کارل مارکس، سەرمایە، بەرگی یەکەم، پێشەکی چاپی ئەڵمانی) (وەرگێڕ).

بەڵام ئایا بەرزبوونەوەی نرخ و دابەزینی نرخ مانای چیە، نرخی بەرزو نرخی نزم چیە؟ دەنکە لم گەورە دەنوێنێت ئەگەر لە مایکرۆسکۆبێکەوە سەیری بکەیت، بورجێکیش بە بەراوورد لەگەڵ شاخێکدا بچووک دەنوێنێت. بەڵام ئەگەر نرخ بە ڕێژەی نێوان خستنەڕوو داخوازی دەستنیشان بکرێت، ئەی ڕێژەی نێوان خستنەڕوو داخوازی بە چی دیاری دەکرێت؟

با خۆمان بگەیەنینە یەکەمین سەرمایەدار کە تووشمان دەبێت. ئەو چرکەساتێکیش دوو دڵ نابێت، بەڵام، هەروەک ئەلێکساندەری گەورە[12]، ئەو گرفتە میتافیزیکیە ئاڵۆزە بە خشتەی لێکدان کەم دەکاتەوە. پێمان دەڵێت: "ئەگەر بەرهەمهێنانی ئەو کاڵایەی دەیفرۆشم ١٠٠ شیلینگ کەوتبێ لەسەرم، لە ماوەی ساڵێکدا ١١٠ شیلینگم دەست دەکەوێت –وەک دەبینیت– ئەمەیش قازانجێکی دروست و گونجاوە. بەڵام ئەگەر لە ئاڵوگۆڕدا ١٢٠ یان ١٣٠ شیلینگم دەستکەوت، ئەمە قازانجێکی بەرزترە؛ خۆ ئەگەر ٢٠٠ شیلینگم دەست بکەوێت، ئەوا ئەمە قازانجێکی نائاسایی زۆر بەرزە. کەواتە ئەم هاوڵاتیە [سەرمایەدارەکە] چ پێوەرێک بەکاردەهێنێت بۆ قازانجەکەی؟ خەرجی بەرهەمهێنانی

[12] . ئەلێکساندەری ٣، ئەلێکساندەری گەورە کە ناسراوە بە ئەلێکساندەری مەکەدۆنیا، پادشای مەکەدۆنیا، مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی کۆن بۆ ٣٦٥ ی بەر لە مێژووی زاینی (وەرگێڕ).

کـــــالاکەی. ئەگەر ئەو بە ئـــــاڵوگۆڕی ئەو کالایـــــانە چەندایەتیەکی لە کالا دەستکەوت کە تێچوونەکەی کەمتر بێـــت، ئەوا زیـــانی پێگەیشـــتووە. وە ئەگەر ئەو بە ئاڵوگۆڕی ئەو کالایانە، چەندایەتیەکی لە کالا دەستکەوت کە تێچوونەکەی زیاتر بێت، ئەوا بەمە قازانجی کردووە. وە سـەرمایەدارەکە، ئەو دابەزیـن یـان بەرزبـوونەوەی قازانجە، بەو ئاستانە کێشانە دەکات کە بەهای ئاڵوگۆڕی کالاکـانی لەسـەر وەسـتاوە، واتە ئایا لەسـەر یـان خـوار سـفرەوەیە —ئەگەر سـفر بە تێچـوونی بەرهەمهینـانەکە دابنێین.

بینیمـان چـۆن گـۆڕانی هەڵـبەزودابەزی خسـتنەڕوو داخوازی، جارێک نرخی کالا زیاد دەکات، جارێک کەم؛ جارێــک بەرز جارێــک نــزم. ئەگەر نرخـــی کـــالایەک بەشـێوەیەکی بەرچـاو بەرز ببێـتەوە بەهـۆی شکسـتی خسـتنەڕوو، یـان بەهـۆی داخـوازیەکی زۆر ناهاوتـاوە لەسـەری، ئەوا دەبێت ڕێژەی نرخی چەند کالایەکی تر بێتە خـوارەوە؛ چـونکە بێگومـان نرخی کالایەک بە پـارە هەر بەو ڕێژەیە دەردەبڕدرێت کە کالاکـانی تریشـی پێ دەستنیشـان کـراوە لە ئـاڵوگۆڕدا بەرامـبەر بەو کـالایە، ئەگەر بۆ نموونە نرخی مەترێک قوماشی ئاوریشمین لە ٢ شیلینگەوە بەرزببێتەوە بۆ ٣ شـیلینگ، ئەوکـاتە نرخـی زیـو سـەبارەت بە ئاوریشـم دادەبەزێـت، ئەمە هەروەک چۆن نرخی هەموو کالاکانی تـریش کە لە ئاسـتی نرخـی

ڕابووردوویانــدا مــاونەتەوە، ئەوانــیش ســەبارەت بە ئاوریشــم دادەبەزن. واتە بــۆ دەســتکەوتنی هەمــان چەندایەتی لە ئاوریشم، پێویستە چەندایەتیەکی زیاتر لە کـاڵا بـدرێت لە بەرامبەریـدا. ئینجـا ئێسـتا، دەرئەنجـامی بەرزبـوونەوەی نرخـی کـاڵایەکی تـایبەتی چـی دەبێـت؟ بڕێکــی گەورە لە ســەرمایە فــڕێ دەدرێــتە نــاو لــقە گەشــاوەکانی پیشەســازیەوە، ئەم کــۆچ کــردنەی ســەرمایەیش بــۆ نێــو نــاوچە ســەرکەوتووەکانی پیشەسازی، هەر بەردەوام دەبێت تا ئەوکاتەی قازانجی ئاسـایی فڕێ دەدات، وە هەتـا نرخـی ئەو کـاڵایە بەهـۆی زێــدەی بەرهەمهێنــانەوە دادەبەزێــت بــۆ خــوار تێچوونەکانی بەرهەمهێنان.

بەپێچەوانەیشـەوە: ئەگەر نرخـی کـاڵایەک دابەزی بـۆ خـوار تێچوونەکـانی بەرهەمهێنـان، ئەوکـاتە سـەرمایە لە بەرهەمهێنـانی ئەو کـاڵایە دەکێشـرێتەوە. وە جـگە لەو حاڵەتەی کە لقێکـی پیشەسـازی دیـاریکراو تیایـا، توانـای پڕکردنەوەی داخوازیەکانی ئەو سـەردەمەی نامێنێت، وە هـیچ لەبەردەمیـدا نامێنێـت لەنـاوچوون نەبێـت، ئیتـر بەرهەمهێنـان یـان خسـتنەڕووی ئەو کـاڵایە، دادەبەزێت، ئەمەیـش بەهـۆی گواسـتنەوەی سـەرمایەوە لەو لـقەوە، ئەمە تــا ئەوکــاتەی لەگەڵ داخــوازی دەگــونجێتەوەو ســەرلەنوێ نــرخەکەی بەرزتــردەبێتەوە بــۆ ســەروو تێچوونەکــانی بەرهەمهێنــانی. نرخــی هەر کــاڵایەک،

هەمیشـە دەکەوێتە سـەرووی یـان خـوارووی  تێچـوونی بەرهەمهێنانیەوە.

وەک دەبینین، سەرمایە بە بەردەوامی لەم نـاوچەیەی پیشەسازیەوە، کۆچ دەکات بۆ ئەو نـاوچەی پیشەسـازی. نرخی بەرز هۆکاری بەهێزی چوونەژوورەوەیەو نرخـی نزمیش هۆکاری بەهێزی چوونە دەرەوەیە.

لە دیـدێکی تریشــەوە، دەتـوانین ئەوە نیشـان بـدەین، تێچوونەکانی بەرهەمهێنان، نەک هەر تەنها خسـتنەڕوو، بەڵکـو لە هەمانکاتـدا داخـوازییش دەستنیشــان دەکـات. بەڵام ئەمەیــــان ئێجگــــار دوورمــــان دەخــــاتەوە لە باسەکەمان.

بینیشــمان هەڵــبەزودابەزی خســتنەڕوو داخــوازی، هەمیشە، سەرلەنوێ، نرخـی کاڵا دەگێڕێتەوە بۆ ئاسـتی تێچوونەکانی بەرهەمهێنان. نرخـی بەکردەوەی کاڵایەک، هەمیشــــە لەســــەروو یــــان خــــوارووی تێچــــوونی بەرهەمهێنـانەوەیە، بەڵام بەرزبـوونەوەو نـزم بـوونەوە، بەشــێوەیەکی ئــاڵوگۆڕ، یەکتــری پارســەنگ دەکەنەوە، تەنانەت ئەگەر، لە سەردەمێکی دیاریکراودا، دەرئەنجامی هەڵکشـان و داکشـانی پیشەسـازیمان وەرگـرت، بۆمـان دەردەکەوێــــت کاڵاکــــان، بەپێــــی تێچــــوونی بەرهەمهێنانەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکرێن، واتە نرخەکانیان بە تێچوونی بەرهەمهێنانیان دەستنیشان دەکرێت.

لەدیـــدی ئـــابووریزانە برجوازیەکـــانەوە توانـــای دەستنیشـان کردنـی نـرخ نـیە بە تێچـوونی بەرهەمهێنـان. ئابووریزانەکـان دەڵـێن، نرخـی مامناوەنـدی کاڵاکـان، یەکسـانە بە تێچوونەکانی بەرهەمهێنانیـان: ئەمە یاسـایە. ئەوان وایـدادەنێن ئەم بـزووتنەوە پـڕ ئـاڵۆزاوەیە هەر ڕێکەوتە کە بەرزبـوونەوە دەخـاتە بـری نـزم بـوونەوەو نـزم بـوونەوەیش دەخـاتە بـری بەرزبـوونەوە. ئـێمەیش دەتوانین، هەروەک چۆن ئابووریزانانی تـریش هەروایـان کـردووە، وایـدابنێین هەڵـبەزودابەزی نـرخ یاسـایە، وە دەستنیشـان کردنـی نـرخیش بە تێچـوونی بەرهەمهێنـان، هەر تەنها ڕێکەوتە –هەروەک چۆن، لە واقیعدا، هەندێکی تـــر لە ئابووریزانەکـــان وایـــان کـــردووە. بەڵام بە پێچەوانەوە، لە ووردکردنەوەدا، ئەم هەڵبەزودابەزەی لە نـزیکەوە سـەرنجێکمان لێدا، مەترسـیدارترین وێرانکـاری لە قافڵەکەیـدا هەڵگرتـووە، وە هەروەک بـوومەلەرزە، کۆمەڵگـای سـەرمایەداری هەتـا سـەر بنـاغەکەی دەلەرزێنێـتەوە- ئەوە ئـا ئەم هەڵـبەزودابەزەیە، لە ڕێڕەوەکەیـدا، نـرخ ناچـار دەکـات لەگەڵ تێچـوونی بەرهەمهێنانـدا بگـونجێتەوە. وە ئـێمە، لە تەواوی ئەم بـــزووتنەوە نـــاڕێکوپێکەدا، ڕێکخســـتنەکەی ئەم هەڵـبەزودابەزە دەدۆزیـنەوە. لەنێـو تەواوی ئەم ئـاڵۆزاوە دەوریەی پیشەسازیدا، لەم بزووتنە بازنەییەدا، ڕکابەری، بە لادانێک لادانێکی تر پارسەنگ دەکاتەوە.

هەر بەوجۆرە دەبینین، لە ڕاستیدا، نرخی کاڵا بە تێچوونی بەرهەمهێنان دەستنیشان دەکرێت، بەڵام سەردەمی وایش هەیە، نرخی ئەو کاڵایانە، دەچێتەوە سەروو تێچوونی بەرهەمهێنانەوەو سەردەمی وایش هەیە دەچێتەوە خوار تێچوونی بەرهەمهێنان، وە بە پێچەوانەیشەوە. بێگومان ئەمە بۆ تاکە بەرهەمێکی دیاریکراوی نێو یەک پیشەسازی دروست نیە، بەڵکو بۆ تەواوی لقێکی پیشەسازی دیاریکراو دروستە. واتە ئەمە بۆ یەک تاکە کارگە دروست دەرناچیت، بەڵکو بۆ هەموو چینە خاوەن پیشەسازیەکان دروستە.

دەستنیشان کردنی نرخ بە تێچوونی بەرهەمهێنان، هاوسانە بە دەستنیشان کردنی نرخ بە کاتی کاری پێویست بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا، چونکە تێچوونی بەرهەمهێنان، لە کەرەسەی خاوو بەکاربردنی ئامرازەکان پێکدێت، واتە لەو بەرهەمە پیشەسازیانەی کە بەرهەمهێنانیان ژمارەیەکی دیاریکراو، ڕۆژی کاری تێچووە، لەبەرئەوە ئەمە چەندایەتیەکی دیاریکراو لە کاتی کار نیشان دەدات، دووهەمیش لە کاری ڕاستەوخۆ، کە بە وەخت پێوانە دەکرێت.

## کرێـــی کـــار بە چـــی دەستنیشـــان دەکرێت؟

هەمان ئەو یاسا گشتیانەی نرخی کالا ڕێک دەخەن بە گشتی، هەر ئەوانیشن بەشێوەیەکی سروشتی، کرێی کار، واتە نرخی هێزی کار ڕێک دەخەن. کرێی کاریش، جارجـــارە بەرز دەبێـــتەوەو ناوبەنـــاویش دادەبەزێـــت، ئەمەیش بە پەیوەندی نێوان خستنەڕوو داخوازی، بەپێی ئەوەی ڕکـــابەری چ فـــۆرمێکی وەرگرتـــووە لە نێـــوان کڕیـــارانی هێـــزی کـــاردا، لە نێـــوان ســـەرمایەداران و فرۆشـــــیارانی هێـــــزی کـــــاردا، واتە کـــــارگەران. هەڵبەزودابەزی کرێی کار، بەگشتی وەک هەڵبەزودابەزی نرخـــــی کالاکـــــانە. بەلام لەنێـــــو ســـــنوورەکانی ئەو هەڵـــبەزودابەزەدا، نرخـــی هێـــزی کـــار، بە تێچـــوونی بەرهەمهێنـــان دەستنیشـــان دەکرێـــت، بە کـــاتی کـــاری پێویست بۆ بەرهەمهێنانی ئەو کالایە: هێزی کار.

کەواتە، تێچوونی بەرهەمهێنانی هێزی کار چیە؟

ئەمە بە خەرجیی پێویست بۆ مانەوەی کرێکار وەک کرێکـار، وە بـۆ خوێنـدن و ڕاهێنانیشـی وەک کرێکـار، دەستنیشان دەکرێت.

بۆیە هەتا کاتی پێویست کورتتر بێت بۆ ڕاهێنانی لەسـەر کـارێکی تـایبەتی، تێچـوونی بەرهەمهێنـانی کارگەریش کەمتر دەبێتەوە، نرخی هێزی کارەکەی، واتە کرێـی کـارەکەی کەمتـر دەبێـتەوە. وە لەو لـقە پیشەسازیانەدا کە هیچ ڕاهێنانێکی پیشەیی پێویست نیە، وە هەر تەنهـا بـوونی کەرگەرەکە خـۆی بەسـە لەوێـدا، تێچـوونی بەرهەمهێنـانی کەرگەرەکە سـنووردار دەبێـت بەو کـاڵا پێویسـتانەی کە کـارگەر لە مەرجەکـانی کـار کردنـدا دەهێڵێـتەوە. بـۆیە ئەمە بە نرخـی پێداویسـتیە گرنگەکانی بژێوی دەستنیشان دەکرێت.

ئـا لێرەدا، تێڕوانینێکی تـر دێتە نـاوەوە. ئەو خـاوەن پیشەسازیەی تێچوونی بەرهەمەکەی و بەپێی ئەوەیش؛ نرخـی بەرهەمەکەی ئەژمـار دەکـات، هەر بەوجـۆرەیش بەکاربردنی ئامرازەکانی کاریش ئەژمار دەکات. ئەگەر بۆ نموونە ئامێرێک ١٠٠٠ شیلینگ بکەوێت لەسـەری، وە ئەو ئـامێرە لە ١٠ سـاڵدا بەکارببرێـت، ئەوکـاتە ئەو، بـۆ هەر سـاڵێک، ١٠٠ شـیلینگ دەخـاتە سـەر نرخـی کـاڵاکە هەتـا بتوانێـت دوای ١٠ سـاڵ، ئـامێرە بەسـەرچووەکە بگۆڕێـت بە ئـامێرێکی نـوێ. بە هەمـان شـێواز، دەبێـت تێچوونی بەرهەمهێنانی هێزی کارێکی سادە، تێچوونی

وەچە خســتنەوەیش بگــرێتەوە، کە بەهــۆیەوە، ڕەگەزی کــارگەر زاووزێ دەکــات و زیــاد دەبێــت، وە بەمجــۆرە، کارگەرە نوێکان بخاتە جێگای کارگەرە بەسەرچووەکان. هەر بـۆیە، کـارگەرە بەکاربراوەکـان، بە هەمـان شـێوازی ئامێرە بەکاربراوەکان، ئەژمار دەکرێن.

هەر بەوجۆرە، تێچوونی بەرهەمهێنانی هێزێکی کاری سادە، تێچوونی بژێوی و وەچە خستنەوەی کـارگەریش دەگــرێتەوە. واتە نرخــی تێچــوونی بژێــوی و زاووزێ، کرێـی کـار پێکدەهێنێت. هەر بـۆیە، دەستنیشــان کردنـی کرێی کـار، نـاو دەبرێت بە لانـی کەمـی کرێـی کـار. لانـی کەمی کرێی کاریش، هەروەک نرخی هەموو کـالایەک، بە گشـتی، بە تێچـوونی بەرهەمهێنـان دەستنیشـان دەکرێت، وە ئەمە هەر تەنهـا بـۆ یەک کەس دروسـت نـیە، بەڵکـو ئەمە هەموو ڕەگەزی کـارگەر دەگرێتەوە. کـارگەر هەیە، بەڵکو لە ڕاستیدا ملیۆنان کارگەر هەن، ئەوەندە بژێویـان دەســـت ناکەوێـــت، بەشــــی مانەوەیـــان و وەچە خســتنەوەیان بکــات؛ بەڵام کرێــی کــاری هەمــوو چینــی کرێکــار، لەنێــو ســنووری هەڵبەزودابەزەکانــدا، خۆیــان لەگەڵ ئا ئەم لانی کەمی کرێی کارەدا دەگونجێنن.

ئێســــتا، کاتێـــک لە زۆربەی ئەو یاســـا گشـــتیانە تێگەیشتین کە حوکم دەکەنە سەر کرێی کارو نرخی هەر کــــالایەکی تـــــریش، ئینجــــا دەتـــــوانین، بەتـــــایبەت، لێکۆڵینەوەیەک لەسەر بابەتەکەمان بکەین.

## سروشتی سەرمایە و گەشەکردنی

سەرمایە پێکدێت لە کەرەسەی خاو، ئامرازی کار، کەرەسەکانی بژێوی بە هەموو جۆرەکانیەوە، ئەمانەیش بەکار دەهێنرێن بۆ بەرهەمهێنانی کەرەسەی خاوی نوێ، ئامرازی نوێی کار، وە کەرەسەی نوێی بژێوی. هەموو ئەم بەشە پێکهێنەرانەی سەرمایەیش، بە کار دروست کراون، بەرهەمی کارن، کاری کەڵەکە بوو، ئەو کارە کەڵەکە بووەیشی وەک کەرەسەیەک بەکاردەهێنرێت بۆ بەرهەمهێنانی نوێ، ئەوە سەرمایەیە.

ئابووریزانەکان وا دەڵێن.

کێ کۆیلەی ڕەشپێستە؟ مرۆڤێک لە ڕەگەزی ڕەشپێست. ئەم شیکردنەوەیە هەروەک شیکردنەوەکەی پێشووترە.

ڕەشپێست ڕەشپێستە. بەڵام لە بارودۆخێکی تایبەتیدا دەبێتە کۆیلە. ئامێری چنینی لۆکە ئامێری چنینی لۆکەیە. ئەویش تەنها لە بارودۆخێکی دیاریکراودا دەبێتە سەرمایە. بەدوور لەو بارودۆخەیش، سەرمایە بوونی نیە، ئەمە هەروەک چۆن ئاڵتوون لەخۆوە نابێتە نەخت، شەکر نرخی شەکر وەرناگرێت.

له پرۆسێسی بەرهەمهێناندا، مرۆڤ هەر کار ناکاتە سەر سروشت، بەڵکو لە هەمانکاتدا کار دەکەنە سەر یەکتریش، ئەوان پێکەوە بە کۆمەک و لەسەر شێوازێکی دیاریکراو بەرهەمدەهێنن و چالاکیەکانیشیان ئاڵوگۆڕ دەکەن. وە لە پێناوی بەرهەمهێنانیشدا، دەکەونە مەرج و پەیوەندی تایبەتیەوە لەگەڵ یەکتر، وە تەنها لە چوارچێوەی ئەو مەرج و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیانەدا کاریگەریان لەسەر سروشت دەبێت، واتە بەرهەمهێنان دروست دەبێت.

پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان بەرهەمهێنەران و ئەو مەرجانەیشی چالاکیەکانیانی تێدا ئاڵوگۆڕ دەکەن و هاوبەشی تەواوی بەرهەمهێنانیشی تێدا دەکەن، بە پێی خەسڵەتی جیاوازی کەرەسەکانی بەرهەمهێنان، جیاوازن. ئەوکاتەی ئامێری جەنگی، چەکی ئاگراوی، دۆزرایەوە، ئەو چەکە وەک پێویست بووە هۆی گۆڕینی هەموو ڕێکخستنێکی ناوخۆیی سوپا؛ وە ئەو پەیوەندیانەیشی گۆڕی کە تاکەکان سوپایەکی تێدا پێکدەهێنن، وە پەیوەندی نێوان سوپا جیاوازەکانیشی گۆڕی.

هەر بەوجۆرە، ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیانەی تاکەکان تێیدا بەرهەم دەهێنن، واتە پەیوەندی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی، لە گۆڕاندایە لەگەڵ گۆڕانی کەرەسە ماتریالیستیەکانی بەرهەمهێناندا، لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنی هێزەکانی بەرهەمهێناندا. پەیوەندیەکانی

بەرهەمهێنانیش بە تەواوی، ئەو پەیوەندیانە پێکدەهێنێت کە ناودەبرێت بە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، بە کۆمەڵگا، کۆمەڵگــایەک لە قۆنــاغێکی دیــاریکراوی پێشــکەوتنی مێژووییــدا، کۆمەڵگــایەک بە خەســڵەتە دیــاریکراوە جیاوازەکــــانیەوە. کۆمەڵگــــای کــــۆن، کۆمەڵگــــای دەرەبەگــایەتی، وە کۆمەڵگــای برجــوازی، کــۆمەڵێکن لە پەیوەنــدی بەرهەمهێنــان، هەر کۆمەڵگــایەک لەوانە، لە هەمانکاتــدا قۆنــاغێکی دیــاریکراوە لە قۆناغەکــانی پێشکەوتنی مێژووی مرۆڤایەتی.

ســەرمایەیش بــۆ خــۆی پەیوەنــدیەکی بەرهەمهێنــانی کــۆمەڵایەتیە. ئەمە پەیوەنــدی بەرهەمهێنــانی برجــوازیە، پەیوەنــدی بەرهەمهێنــانی کۆمەڵگــای برجــوازی. وە ئایــا کەرەسەکانی بژێوی و ئامرازەکانی کارو کەرەسەی خاو کە ســەرمایە پێکــدەهێنن، ئایــا ئەمــانە لە مەرجێکــی کــۆمەڵایەتی دیــاریکراودا بەرهەم نەهــاتوون و کەڵەکە نەکــراون، واتە بەپێــی پەیوەنــدیەکی کــۆمەڵایەتی دیــاریکراو؟ ئایــا ئەمــانە لە مەرجە کــۆمەڵایەتە دیــاری کراوەکانــدا، بــۆ بەرهەمهێنــانی نــوێ بەکارنــاهێنرێن؟ وە ئایــا هەر ئەو خەسڵەتە کــۆمەڵایەتیە دیــاریکراوە نــیە کە بەکاردەهێنرێت بۆ بەرهەمهێنانی نوێ وەک سەرمایە؟

ســەرمایە هەر تەنهــا کەرەســەی بژێــوی و ئــامرازی کــــارو کەرەســــەی خــــاو نــــیە، هەر تەنهــــا بەرهەمە ماتریالیســتیەکان نــیە؛ بەڵکــو زیــاتر لەوە، بەهــای

ئاڵوگۆڕیشـــە. هەمـــوو ئەو بەرهەمـــانەی ســـەرمایەیان لێپێکهـاتووە، کـاڵان. دەرئەنجـام سـەرمایە، هەر تەنهـا کۆمەڵێک بەرهەمی ماتریالیستی نیە، بەڵکو کۆمەڵێکە لە کـاڵا، لە بەهـای ئـاڵوگۆڕ، لە قەوارەیەکـی کـۆمەڵایەتی. سـەرمایە هەر وەک خـۆی دەمێنێـتەوە ئەگەر لـۆکە لە جێی خوری، برنج لە جێی گەنم، پاپۆڕی هەڵمی لە جێی هێڵی ئاسنین دابنێین، بە مەرجێک لۆکە، برنج، پاپۆڕی هەڵمی -واتە جەستەی سەرمایە- بەهایەکی هەبێت بۆ ئاڵوگۆڕ، کە پێشتر نرخێکی تێدا بەرجەستە بووبێت وەک خـوری، گەنـم، پـاپۆڕ. دەشـێت سـەرمایە، بەردەوام جەستەی خۆی لە فۆرمێکەوە بگۆڕێت بۆ فۆرمێکی تر، بەڵام بەبێ ئەوەی سـەرمایە هـیچ گـۆڕانێکی بەسـەردا بێت[13].

بەڵام ئەگەرچـی هەمـوو سـەرمایەیەک بـریتیە لە کۆمەڵێـک کـاڵا، واتە لە بەهـای ئـاڵوگۆڕ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت هەموو کۆمەڵێک لە کاڵا، لە بەهای ئاڵوگۆڕ، سەرمایە بێت.

هەموو کۆمەڵێک لە بەهای ئاڵوگۆڕ بەهای ئاڵوگۆڕن. هەمـوو بەهـایەکی دیـاریکراویش کۆمەڵێـک بەهـای ئاڵوگۆڕن. بۆ نموونە، خانوویەک کە یەکسانە بە ١٠٠٠

---

[13] . مەبەست ئەوەیە: دەشێت سەرمایە فۆرمی خۆی بگۆڕێت، بەڵام بەبێ ئەوەی ئەو گـۆڕانە، هـیچ لە سیسـتمی سـەرمایە، لە پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بگۆڕێت (وەرگێڕ).

پاوەند، بەهـای ئـاڵوگۆڕەکەی بـڕی ١٠٠٠ پاوەندە. تـاکە وەرەقەیەک کە بە ١ پێنسە، کۆمەڵێکە لە بەهـای ئـاڵوگۆڕ کە ١٠٠/١ ی پێنســێکە. ئەو بەرهەمـــانەی دەتوانرێــت ئاڵوگۆڕ بکرێن بە بەرهەمی تر، ئەوانە کاڵان. ئەو ڕێژە دیـــاریکراوەی ئـــاڵوگۆڕی ئەو بەرهەمـــانەی لەســـەر دەکرێت، ئەوە بەهـای ئاڵوگۆڕیـانە، یـان، ئەگەر بە پـارە دەریـان ببـڕین، ئەوە نرخەکەیـانە. چەنـدایەتیەکەی ئەو بەرهەمـانە، هـیچ کـاریگەریەک لەســەر خەسـڵەتەکانیان جێناهێڵێـت وەک کـاڵا، وەک دەربـڕی بەهـای ئـاڵوگۆڕ، وەک ئەوەی کە نرخێکی دیاری کراویان هەیە. درەختێک ئەگەر گەورە بێـت یـان بچـووک، هەر درەخـتە. ئەگەر ئاســن بە کیلــۆ یـــان تەن ئـــاڵوگۆڕ بکەیــن بە هەر بەرهەمێکی تر، ئایا ئەمە هیچ لە خەسڵەتەکەی دەگۆڕێت وەک کـــاڵا، یـــان وەک بەهـــای ئـــاڵوگۆڕ؟ ئاســـن چەنـدایەتیەکەی هەرچەنـد بێـت، هەر کـاڵایەکە، ئیتـر لە بەهـایەکی گەورەتـر یـان بچـووکتردا بێـت، لە نرخێکـی بەرزتر یان نزمتردا بێت.

بەڵام ئایـا چـۆن چەنـدایەتیەکی دیـاریکراو لە کـاڵا، لە بەهای ئاڵوگۆڕ، دەبێتە سەرمایە؟

ئەمە بەو هۆکـارە دەبێـتە ســەرمایە کە دەســەڵاتێکی کۆمەڵایەتی سـەربەخۆیە، یـان دەسـەڵاتێکە وەک بەشـێک لە کۆمەڵگــا، پارێزگـــاری خــۆی دەکـــات و بەهـــۆی ئـاڵوگۆڕی ڕاستەوخۆیشــەوە بە هێـزی کـاری زینـدوو، گەشە دەکات.

هەبوونی چینێک کە خاوەنی هیچ موڵکیەتێک نیە جگە لە توانای کار کردن، پێشمەرجی پێویستی سەرمایەیە.

سەرمایە هیچ نیە سوڵتانێک نەبێت لەڕابووردووەوە، کەڵەکەبـوونی کـار نەبێـت کە بەهـۆی کـارێکەوە وەدی هـاتووە پێداویسـتیە گرنگەکـانی ژیـانی تێدا بەرجەسـتە بووەو مۆری سەرمایە دەنێت بە کاری کەڵەکەبووەوە.

سـەرمایە لە واقیعێـک پێکنەهـاتووە کە کەڵەکەبـوونی کار تیایا، خزمەتی کـاری زینـدوو بکـات وەک کەرەسـەی نوێی بەرهەمهێنـان. سـەرمایە لە واقیعێـک پێکهاتووە کە کاری زیندوو بەکاردەهێنێت بۆ کەڵەکەبوونی کار وەک کەرەسـەیەک بـۆ پارێزگـاری و زیـاد کردنـی بەهـای ئاڵوگۆڕ لە خۆیدا.

## پەیوەنـــــدی کـــــاری کرێگـــــرتە بە سەرمایەوە

ئەوە چیە لە نێوان سەرمایەدارو کرێکاری کرێگرتەدا ئاڵوگۆڕ دەکرێت؟

کرێکـار لە بەرامـبەر هێـزی کارەکەیـدا کەرەسـەکانی بژێـوی وەردەگرێـت؛ سـەرمایەدار لە بەرامـبەر پێـدانی کەرەسەکانی بژێویدا، کاری دەستدەکەوێت، واتە چالاکی بەرهەمهێـنەرانەی کرێکـار، ئەو هێـزە دروسـتکارەی کە کـــــارگەر بەهـــــۆیەوە، نەک هەر ئەوە دەداتەوە بە سـەرمایەدار کە بەکـاری دەبـات، بەڵکـو لە هەمانکاتـدا بەهـــایەکی گەورەتـــریش دەخـــاتە ســـەر ئەو کـــارە کەڵەکەبـووەی لەوەوبەر لەژێـر دەسـتیدا بـووە. کرێکـار بەشـێک لەو کەرەسـانە لە سـەرمایەدار وەردەگرێـت کە پێـی دەژی. بەڵام بە چ مەبەسـتێک کەرەسـەکانی بژێـوی دەدرێتە کارگەر؟ بۆ بەکار بردنی ڕاستەوخۆ. بەڵام هەر ئەوەنـــدەی ئەو کەرەســـانەم بەکـــاربرد، ئیتـــر ئەوانە سەبارەت بەمن، گەڕانەوەیان نیە، ئەگەر سەرلەنوێ کات

بەکـارنەهێنمەوە بـۆ پەیـدا کـردنەوەی ئەو پێداویسـتیە گرنگانەی درێژە بە ژیانم دەدەن، ئەمەیش بۆ ئەوەی بە کـارەکەم بەهـایەکی نـوێ دروسـت بـکەم لە بـری ئەو بەهایانەی لە بەکاربردندا لەدەستم چوون. بەڵام ئەمەیش هەر تەنهـا بەرهەمهێنـانەوەی ئەو هێـزە خـاوێنەیە کە کـارگەر وازی لێـدەهێنێت بـۆ سـەرمایە لە ئـاڵوگۆڕدا بەرامـبەر بە وەرگرتنـی کەرەسـەکانی بژێـوی. هەر بەو هۆیەیشەوە، کارەکەی نابێتە موڵکی خۆی.

بـا نمـوونەیەک وەربگـرین. کرێکارێـک بە ١ شـیلینگ، هەموو ڕۆژەکە لە کێڵگەیەکدا بۆ خاوەن کێڵگەیەک کار دەکات، ئەویش هەموو ڕۆژێک ٢ شیلینگی بۆ مسۆگەر دەکات. بەمە خاوەن کێڵگەکە هەر تەنها ئەوەی دەست ناکەوێتەوە کە داوێتـی بە ڕۆژانەی کرێکـارەکەدا، بەڵکو دەیکـاتە دوو ئەوەنـدە. واتە ئەو بە شـێوازێکی بەردارو بەرهەمهـێن، ئەو ١ شـیلینگەی لە کرێکـارە ڕۆژانەکەدا بەکـاربردووە. بە ١ شـیلینگ هێـزی کـاری ڕۆژانەی کرێکـارێکی کڕیـوە، کە بە بەرهەمـی زەویەکە، دوو ئەوەنـدەی دەداتەوە، وە لەبـری ١ شـیلینگ دوانـی بـۆ دەگێـڕێتەوە. بەپـێچەوانەوە، کرێکـارەکە لەبـری هێـزە بەرهەمهێـنەکەی ١ شـیلینگی دەسـت دەکەوێـت کە ئاڵوگۆڕی دەکات لەگەڵ پێداویستیەکانی ژیانی کە زوو یان درەنگ بەکاری دەبات، بەڵام دەرئەنجامی کارەکەی دەداتە خـاوەن کـێڵگەکە. کەواتە ١ شـیلینگەکە بە دوو

شێواز بەکاربراوە، بەروبوومدار بۆ سەرمایەدارەکە کە لە ئاڵوگۆڕدا بە هێزی کار دوو ئەوەندەی پێراکێشاوەتەوە، بێبەریش بۆ کارگەرەکە کە بەو ئاڵوگۆڕە هەر بژێویەکانی دەستکەوتووەو ئەوانیش هەر یەکسەر تەواو دەبن، وە ناشتوانێت سەرلەنوێ ئەو بەهایەی دەست بکەوێتەوە بەبێ دووبارەکردنەوەی ئەو ئاڵوگۆڕە لەگەڵ خاوەن کێڵگەکە. کەواتە کاری کرێگرتە مەرجی پێشوەختی سەرمایەیەو سەرمایەیەش مەرجی پێشوەختی کاری کرێگرتەیە، هەردووکیان مەرجی یەکترن؛ هەریەکەیان بوونی ئەوی تریانە.

ئایا کارگەرێک لە کارگەیەکی لۆکەدا هەر قوماشی لۆکە بەرهەم دەهێنێت؟ نەخێر، ئەو سەرمایە بەرهەم دەهێنێت. ئەو بەها بەرهەم دەهێنێت، بەهایش سەرلەنوێ زاڵ دەبێتەوە بەسەر کارەکەی ئەودا تا سەرلەنوێ بەهای پێ بەرهەم بهێنێتەوە.

سەرمایە تەنها ئەوکاتە زیاد دەکات کە لەگەڵ هێزی کار ئاڵوگۆڕ دەکرێت، واتە بە بانگهێشی کاری کرێگرتە بۆ نێو ژیان. هێزی کاری کرێکاری کرێگرتە خۆی ئاڵوگۆڕ دەکات لەگەڵ سەرمایە تەنها بۆ زیاد کردنی سەرمایە، واتە بە بەهێز کردنی ئەو دەسەڵاتەی دەیکاتە کۆیلە. هەربۆیە زیادبوونی سەرمایە لە هەمانکاتدا زیادبوونی پرۆلیتاریایە، واتە چینی کارگەر.

لەبەر ئەمە، برجــــوازیەت و ئابووریزانەکــــانی وای ڕادەگەیەنن کە بەرژەوەندی سەرمایەدارو کرێکار هەمان بەرژەوەندیە. بەدڵنیـاییەوە، لە واقیعـدا هەروایە! کرێکـار لەناو دەچێت ئەگەر سەرمایە نەیخاتە کار. سـەرمایەیش لەنێـو دەچێـت ئەگەر هێـزی کـار بەکارنەهێنێـت، وە بـۆ ئەوەیشــی بەکــاری بهێنێـت، دەبێـت بیکڕێـت. وە هەتـا ســـەرمایەی بەرهەمهـــێن خێراتـــر ئامـــادە بێـــت بـــۆ بەرهەمهێنـان، سـەرمایە زیـاتر دەکات، هەتـا پیشەسـازی گەشاوەتر بێت، برجوازیەت خۆی دەوڵەمەند تـر دەکات، بیزنـز باشـتر دەبێت، سـەرمایەدارەکە کـارگەری زیـاتری پێویسـتە، کـارگەرەکەیش خـۆی گرانتـر دەفرۆشـێت. هـەر لەبەر ئەمە، مەرجـــی پێویســـتی ژیـــانێکی باشـــتر بـــۆ کرێکاران، گەشەیەکی خێراتری سەرمایەی بەرهەمهێنە.

بەڵام گەشەی سەرمایەی بەرهەمهێن چیە؟

ئەمە یــانی گەشـــەی دەســـەڵاتی کــاری کەڵەکەبــوو بەسـەر کـاری زینـدوودا؛ ئەمە یـانی گەشـەی دەسـەڵاتی برجـوازیەت بەســەر چینـی کـارگەردا. وە کاتێـک کـاری کرێگرتە سامانێکی نامۆ بەخۆی بەرهەمدەهێنێت کە زاڵە لەسـەری و دژیشـێتی، واتە سـەرمایە، ئەوا ئەوکـاتە ئەو هەر ئەو کەرەسـانەی بـۆ دەگەڕێـتەوە کە دەیخەنەکـار، واتە کەرەســـــەکانی بژێـــوی، ئەمەیـــش بەو مەرجەی سـەرلەنوێ ببێتەوە بە بەشـێک لە سـەرمایە، سـەرلەنوێ ببێــتە دینەمـــۆیەک کە ســـەرمایە بەهـــۆیەوە، ببێــتە بزووتنەوەیەکی فراوانی خێراتر.

کاتێـــک دەڵـــێن بەرژەوەنـــدیەکانی ســـــەرمایەو بەرژەوەنـدیەکانی کرێکـاران یەک بەرژەوەنـدین، تەنهـا ئەوە دەگەیەنێـت: سـەرمایەو کـار دوو لایەنـی هەمـان پەیوەنـدین، بـوونی یەکێکیـان بـوونی ئەوی تریشـیانە، هەروەک چـۆن مەرجـی بـوونی هەریەکە لە سـووخۆرو قەرزکار مەرجی بوونی هەردووکیانە.

هەتا کرێکاری کرێگرتە، کرێگرتە بێت، چارەنووسـی بەســـتراوە بە ســـەرمایەوە. ئەمەیە شـــانازیەکانی ئەم کۆمەڵگـایە دەربـارەی بەرژەوەنـدی هاوبەشـی نێـوان کارگەران و سەرمایەداران.

کاتێـک سـەرمایە گەشـە دەکـات سـنووری کـاری کرێگـرتەیش گەشـە دەسـێنێت، ژمـارەی کرێکـارانی کرێگرتە زیاد دەکات، بەووشـەیەک، دەسـەلاتی سـەرمایە فراوانتر دەبێت بەسەر ژمارەیەکی زیاتر لەو تاکانەدا.

بـا باشـترین حـاڵەت لەبەرچـاو بگـرین: کاتێـک سەرمایەی بەرهەمهێن گەشە دەسێنێت، داخوازی لەسەر کار گەشە دەکات. لەبەر ئەوە نرخی هێزی کاریش، واتە کرێی کار، بەرزدەبێتەوە.

دەشـێت خـانوویەک گەورە بێت یـان بچـووک؛ بەلام ئەو خـانووە هەمـوو داخـوازیە کۆمەلایەتیەکـان پـڕ دەکـاتەوە بـۆ نیشـتەجێ بـوون هەتـا خانووەکـانی دەوروبەریشـــی وەک ئەو بچـــووک بـــن. بەلام ئەگەر کۆشکێک لە تەنیشت ئەو خانووە بچووکەوە هەڵکشا بە

ئاسـماندا، ئەوکـاتە ئیتـر ئەو خـانووە بچـووکە دەبێـتە خانۆچکەیەک. وە ئیتر ئەو خانووە بچووکە بۆمان ڕوون دەکاتەوە زیندانیەکەی ناوی هیچ پێگەیەکی کۆمەڵایەتی نـیە تـا پارێزگـاری بکـات، بەڵام دەتوانرێـت لە سـایەی شارسـتانیەتدا، ئەو خـانووە بچـووکەیش تـا ئاسـتی پێویسـت بەرز بکـرێتەوە. بەڵام ئەگەر کۆشـکەکانی دەوروبەری بە هەمان خێرایی یان بە خێراییەکی زیاتر، گەورە بـوون، ئەوا جێنیشـتەکەی ئەو خـانووە بچـووکە هەستی نـاڕەحەتیەکی زۆرو نـاڕازی بـوون و بەرتەنگـی تەواو دەکات لە چوار دیوارەکەیدا.

مەرجـی پێشـوەختی زیـادبوونێکی بەرچـاوی کرێـی کـار، گەشـەیەکی خێـرای سـەرمایەی بەرهەمهـێن دەخوازێـت، گەشـەی خێـرای سـەرمایەی بەرهەمهێنـیش گەشەی سامان، خۆشگوزەرانی، پێداویستی کۆمەڵایەتی و ئـارەزووە کۆمەڵایەتیەکـان بەدوای خۆیـدا بەکـێش دەکـات. هەر بەوجـۆرە، ئەگەرچـی ئەمە حەزو ئارەزووەکـانی کرێکـارانیش زیـاد بکـات، بەڵام ئەمە ڕاحەتـی کـۆمەڵایەتی نێـو گیـانی ئەو، بەردەوام کەم دەکـاتەوە، بە بەراوورد لەگەڵ زیـاد بـوونی ئەو ئارەزووکاریـانەی سـەرمایەداردا کە هەرگیـز دەسـت کـارگەر ناکەوێـت، ئەمە بە بەراوورد لەگەڵ ئاسـتی پێشـکەوتنی کۆمەڵگـادا بە گشـتی. پێداویسـتیەکانمان و ئارەزووەکانمـان لە کۆمەڵگـاوە سـەرچاوە دەگـرن، بـۆیە

ئـێمه ئەمه به پەیوەنـدی به کۆمەڵگـاوه پێـوانه دەکەیـن؛ ئـێمه ئەمـانه به پەیوەنـدی لەگەڵ ئەو ئامانجـانەدا پێـوانه ناکەین که بۆ پڕکردنەوەی ئارەزووەکان بەکاردەهێنرێن، وه لەکاتێکا ئەمـانه سروشـتێکی کۆمەڵایەتیـان هەیه، ئەوا سروشتێکی ڕێژەییان هەیه.

بەڵام کرێـی کـار، هەرگیـز به تەنهـا بەو چەنـدایەتیه دەستنیشـان ناکرێت له کاڵا که پێی دەگۆڕدرێتەوه. ئەمه فـاکتەری هەمەجـۆرەی لەخـۆ گرتـووه. ئەوەی کـارگەر دەسـتی دەکەوێت بەرامـبەر به هێـزی کـارەکەی، بڕێکـی دیـاریکراوه له پـاره. بەڵام ئایـا کرێی کـار هەر به نرخـی ئەو پارەیه دەستنیشـان دەکرێت؟

له سـەدەی ١٦-هـەمـدا، ئـاڵوگۆڕی ئـاڵتوون و زیـو له ئەوروپـادا زیـادی کـرد. ئەمەیـش وەک دەرئەنجـامی دۆزینـەوەی کانەکـان له ئەمریکـاداو ئاسـان بـوونی کـار لەو کانـانەدا. هەربـۆیه نرخـی ئـاڵتوون و زیـو، به بەراوورد لەگەڵ هەمـوو کاڵاکـانی تـردا دابەزی. بەڵام کـارگەران هەروەک پێشـووتر، هەمـان بـڕی پـارەی زیوییان وەردەگرت له بەرابەری هێزی کاریاندا. نرخـی نەختینەیی کارەکەیان هەروەک ڕابووردوو مایەوه، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشـدا کرێی کارەکەیـان دابەزی، چـونکه ئیتـر به ئاڵوگۆڕی هەمـان بڕ له پارەی زیوی، چەندایەتیەکی کەمتریان له کاڵاکانی تر دەست دەکەوت. ئا ئەمه یەکێک بـوو لەو هۆکـارانەی که زیـاتر گەشـەی دایه سـەرمایه، ئەمەیش به گەشەی برجوازیەت له ١٥٠٠-سەدەکاندا.

با حاڵەتێکی تریش وەربگرین. لە زستانی ١٨٤٧ دا، وەک دەرئەنجامی وەرزێکی خراپ، نرخی گرنگترین کەرەسەکانی بژێوی چووە سەرەوە، نان، گۆشت، کەرە، پەنیر وە زۆری تریش، نرخیان زۆر بەرز بۆوە. گریمان ئەوکاتە، کارگەران، هەروەک پێشتر، هەمان بڕی پارەیان وەرگرتووە بەرامبەر بە هێزی کارەکەیان. ئایا کرێی کارەکەیان دانەبەزیوە؟ بەڵێ، بەدڵنیاییەوە، بە هەمان پارە، لە ئاڵوگۆڕدا چەندایەتیەکی کەمتریان لە نان، گۆشت، هتد دەستکەوتووە. کرێی کارەکەیان بەمە دابەزیوە، ئەمەیش نەک لەبەر ئەوەی بەهای زیو دابەزیوە، بەڵکو بەوهۆیەوە کە بەهای کەرەسەکانی بژێوی زیادی کردووە.

دواجار، با وایدابنێین نرخی نەختینەیی هێزی کار وەک خۆیەتی، بەڵام نرخی هەموو کاڵا کشتوکاڵی و پیشەسازیەکان بەهۆی بەکارهێنانی ئامێری نوێ و وەرزێکی باشەوە، دێنە خوارەوە. وە ئیتر کارگەران بە هەمان پارە دەتوانن چەندایەتیەکی زیاتر لە کاڵای هەمەچەشنە بکڕن، بۆیە کرێی کارەکەیان بەرز دەبێتەوە، ئەمەیش تەنها لەبەر ئەوەی بەهای پارەکەیان هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە.

نرخی نەختینەیی هێزی کار، ئەسڵی کرێی کارەکە، لەگەڵ کرێی کاری ئەو کاتە، یان کرێی بەکردەوەدا ناگونجێت، واتە لەگەڵ ئەو چەندایەتیە لە کاڵا کە ئاڵوگۆڕ

دەکرێــت بە کرێــی کــار. جــا ئیتــر ئەگەر بــاس لە بەرزبـوونەوە یـان نـزم بـوونەوەی کرێـی کـار بکەیـن، ئەوکــاتە نابێــت هەر نرخــی نەختینەیــی هێــزی کــار لەبەرچـاو بگرین، کرێـی کـاری ئەسڵی، بەڵکو دەبێت لە هەمانکاتدا کرێی بەکردەوەیش سەرنج بدەین.

بەڵام نە کرێی کاری ئەسڵی، واتە بڕی ئەو پارەیەی کرێکـار خـۆیی پێدەفرۆشـێت بە سـەرمایە، وە نە کرێـی کـاری بەکـردەوە، واتە ئەو چەنـدایەتیەی لە کـاڵا کە بەو بڕە پارەیە دەیکرێت، ئەو پەیوەندیە هەڵدەوەشێنێتەوە کە بە زاراوەی کرێی کار دەردەبڕێت.

کرێـی کـار لە سـەروو هەمـوو شـتێکەوە بە ڕێـژەی دەســتکەوتەکانی ســەرمایە دەستنیشــان دەکرێــت، بە قازانج. بە مانایەکی تر، کرێی کار ڕێژەییە، چەندایەتیەکی ڕێژەییە.

کرێی کاری بەکردەوە دەربڕی نرخی هێزی کارە لە پەیوەندیـدا بە نرخــی کاڵاکــانی تــرەوە؛ کرێــی کــاری ڕێژەیــی. لە لایەکــی تــرەوە ئەو بەشــە، دەربڕێکــی ڕاستەوخۆی هێزی کارە لەو بەهایەی کە خۆی دروستی کردووە، ئەمە بە پەیوەندی بەو بەشەوە کە دەچێتە سەر کاری کەڵەکەبوو، سەر سەرمایە.

## ئەو یاسـا گشـتیەی بریـاری بەرز بـوونەوەو نـزم بـوونەوەی کرێـی کـارو قازانج دەدات

گووتمان: "کرێی کار بەشی کارگەر نیە لەو کاڵایانەی ئەو بەرهەمی هێناون. کرێی کار بەشێکە لەو کاڵایانەی لەوەوبەر هەبـوون و سـەرمایەدار چەنـدایەتیەکی دیاریکراوی لە هێزی بەرهەمهێنی کار پێ کڕیوە". بەڵام سـەرمایەدارەکە دەبێـت ئەو کرێـی کـارەی دەسـت بکەوێـتەوە لە نرخـی فرۆشـتنی ئەو بەرهەمهێنـراوەی کـارگەرەکە دروسـتی کـردووە؛ وە ئەوە بنکەیشـە کە دەبێـت بەشـێوەیەک دەسـتی بکەوێـتەوەو کـارگەر زێدەیەکیش لە بەها بگێرێتەوە بۆی لەسەروو تێچوونی بەرهەمهێنـانەوە کە لە سـەرمایەدارەکەوە خەرج کـراوە، واتە دەبێت قازانجێکی دەست بکەوێت.

نرخـی فرۆشـتنی ئەو کاڵایـانەی کـارگەر بەرهەمـی دەهێنێت، لە دیدگای سەرمایەدارەکەوە، دابەش دەبێت بە سێ بەشەوە:

بەشی یەکەمیان دەچێتەوە بری نرخی ئەو کەرەسەی خــاوو ئــامێرو ئــامرازو کەرەســەی کــارانەی لەوەوە خراونەتە بەردەست؛

دووهەمیان دەچێتە بری پێدانی کرێی کار؛ وە

ســـــێهەمیان زێـــــدەی بەهـــــایە، واتە قـــــازانجی سەرمایەدارەکە.

وە لە کاتێکــا بەشـــی یەکەمیـــان دەچێــتەوە بـــری بەهــایەک کە لەوەوبەر هەبــووە، ئەوا ڕوونە کە لە بــری کرێی کارو زێدەی بەهـای سـەرمایەدارەکەیش (قازانجی ســــەرمایە) هەر هەمـــــووی لەو بەهـــــا نـــــوێیەوە وەردەگیرێتەوە، کە بە کاری کارگەرەکە دروست کراوەو دەخرێتەوە سـەر بەهـای کەرەسـەی خـاو. بەم مانـایەیش دەتوانین کرێی کارو چ قازانج، لە بەراووورد کردنیانـدا بە یەکتر، وەک بەشی کارگەر دابنێین.

دەشـــێت کرێـــی کـــاری بە کـــردەوە وەک خـــۆی بمێنێتەوە، یـان تەنـانەت بەرز ببێتەوە، لەگەڵ ئەوەیشـدا کرێی کـاری ڕێژەیـی بێتەخـوارەوە. گریمـان بـۆ نمـوونە، هەمـوو کەرەسـەکانی بژێـوی لە نرخەکانیانـدا ۳/۲ [دوو لەسـەر سـێ] دێتەخـوارەوە، بەڵام کرێـی کـاری ڕۆژانە تەنها ۳/۱ دێتەخوارەوە، واتە بۆ نموونە لە ۳ شیلینگەوە بـۆ ۲ شـیلینگ. وە لەگەڵ ئەوەی کـارگەر دوای ئەوەیـش هەر دەتوانێــت بەو ۲ شـــیلینگە، چەنــدایەتیەک لە کـــاڵا بکڕێــت زیــاتر لەوەی بە ۳ شـــیلینگ دەیکـــڕی، کرێـــی

کـــــارەکەی هەر کەمـــــی کـــــردووە بە بەراوورد بە دەستکەوتی سەرمایەدارەکە. قازانجی سەرمایەداری (بۆ نموونە خاوەن پیشەسازیەک) ١ شیلینگ زیاد دەکات، واتە لە بەرامـــبەر چەنـــدایەتیەکی کەمتـــردا لە بەهـــای ئـالۆگۆڕ، کە دەیـداتە کـارگەرەکە، دەبێـت کـارگەرەکە چەندایەتیەکی زیاتر لە بەهای ئالۆگۆڕ بەرهەم بهێنێت لەچاو ڕابووردوودا. بەم مانایە بەشی سەرمایەدارەکە بە بەراوورد لەگەڵ بەشی کارگەرەکە زیادی کردووە. ئا بەمەیش بەشی ڕێژەیی سەرمایەدارەکە، بە بەراوورد بە بەشـــی کـــارگەرەکە زیـــادی کـــردووە. دابەش کردنـــی سامانی کۆمەڵایەتی لە نێوان سەرمایەو کاردا، نایەکسان تـــر بـــووە. ســـەرمایەدارەکە، بە هەمـــان ســـەرمایە، چەندایەتیەکی زیاتری لە کار خستۆتە ژێر دەستی خۆی. دەســەڵاتی سـەرمایە بەسـەر چینـی کـارگەردا گەشـەی سەندووە، بارودۆخی کۆمەڵایەتی کارگەر خراپتر بووە، وە ناچـاریش کـراوە، پلەیەکـی تـریش بکەوێـتە خـوار سەرمەیەدارەکەوە.

کەواتە ئەو یاســـا گشـــتیە چـــیە کەمبـــوونەوەو بەرزبـــوونەوەی کرێـــی کـــار و قـــازانج و پەیوەنـــدیە ئالۆگۆڕەکەیان دەستنیشان دەکات؟

ئەمـانە لە ڕێژەیەکـی پـێچەوانەدا بەرامـبەر بە یەکتـر دەوەستنەوە. بەشی قازانج زیاد دەکات، بە هەمـان ئەو ڕێژەیەی بەشی کرێکارەکە (کرێی کار) کەم دەکات، وە

به پێچەوانەیشـەوە. قـازانج بە هەمـان ئەو ئاسـتە بەرز دەبێـتەوە کە کرێـی کـاری تێـدا کەم دەبێـتەوە؛ وە بەو ئاسـتـەیش کەم دەبێـتەوە کە کرێـی کـاری تێـدا بەرز دەبێتەوە.

لەوانەیە کەسێک ڕاوێژمان بکات و بڵێت دەسـتکەوتی چینـی سـەرمایەدار بە سـوود وەرگـرتنە لە ئـاڵوگۆڕی بەرهەمەکـانی لەگەڵ سـەرمایەدارەکانی تـردا، بە بەرز بـوونەوەی داخـوازی لەسـەر کاڵاکـانی، ئیتـر یـان وەک دەرئەنجـامی کـردنەوەی بـازاڕی نـوێ، یـان وەک دەرئەنجـامی زیـاد بـوونێکی وەختـی لە داخوازیـدا لە بازاڕە کۆنەکەدا، وە هەروەهـا؛ قازانجی سـەرمایەدارەکە لەسەر حیسابی سەرمایەدارەکانی تر زیاد دەکات، ئیتر ئەمە بەچاوپۆشـین لە بەرزبـوونەوەو کەمبـوونەوەی کرێی کار، بە چاوپۆشین لە بەهای ئاڵوگۆڕی هێزی کار؛ وە یـان قـازانجی سـەرمایەدارەکە، بەهۆکـاری باشـتر بـوونی ئـامرازی کـارو پراکتیزەکردنـی مێتـودی نـوێ لە بەکارهێنانی هێزی سروشت و هتددا بەرزدەبێتەوە.

لە یەکەمجـاردا ناچـارین دان بەوەدا بنێـین دەرئەنجامەکە هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە، ئەگەرچی بە شـێوازێکی پـێچەوانەیش ڕوودەدات. لە ڕاسـتیدا قـازانج زیادی نەکردووە لەبەر ئەوەی کرێی کار کەمی کردووە، بەڵکو کرێی کار کەمبۆتەوە لەبەر ئەوەی قازانج زیادی کردووە. سـەرمایەدارەکە بە هەمـان چەندایەتی لە کاری

کەسانی تر چەندایەتیەکی گەورەتری کڕیوە لە بەهای ئاڵوگۆڕ، ئیتر بەبێ ئەوەی کرێیەکی زیاتری دابێت بەکار، واتە کار ڕێژەیەکی کەمتری پێدراوە بە بەراوورد لەگەڵ دەستکەوتی سەرمایەدارەکە.

بە پلەی دووهەمیش، پێویستە ئەوەمان لە یاد بێت، سەرباری هەر هەڵبەزودابەزێک لە نرخی کاڵاکاندا، مامناوەندی نرخی هەر کاڵایەک، ڕێژەیەکە ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت لەگەڵ کاڵاکانی تردا، ئەوە بە تێچوونی بەرهەمهێنانیان دەستنیشان دەکرێت. هەربۆیە وەک پێویست، فرۆفێڵە ئاڵوگۆڕەکەی نێو چینی سەرمایەداران هاوسان دەبێتەوە. چاکتر بوونی ئامێرو پراکتیزە کردنی مێتودی نوێ و بەکارهێنانی هێزەکانی سروشت لە بەرهەمهێناندا، بواری ئەوە خۆش دەکات کە لە هەمان کاتی دیاریکراوی کاردا، بە هەمان چەندایەتی لە کارو سەرمایە، ژمارەیەکی زیاتر لە بەرهەم بەرهەمبهێنرێت، بەڵام بەبێ ئەوەی چەندایەتیەکی گەورەتر لە بەهای ئاڵوگۆڕ بەرهەمبهێنرێت. ئەگەر بەهۆی بەکارهێنانی ئامێری چنینەوە، لە ماوەی کاژێرێکدا، چەندایەتیکم لە دەزوو دەست بکەوێت کە ١٠٠% زیاتر بێت لەوەی بەر لە داهێنانی ئەو ئامێرە دەستم کەوتووە، بۆ نموونە ١٠٠ کیلۆ لە بری ٥٠ کیلۆ، بە ماوەیەکی درێژ بە ئاڵوگۆڕی ئەو ١٠٠ کیلۆیە، کاڵای زیاترم دەست ناکەوێت لەوەی کە پێشتر لە ٥٠ کیلۆدا دەستم دەکەوت، ئەمەیش لەبەر

ئەوەی تێچوونی بەرهەمهێنان ٢/١ کەمی کردووە، وە بە هەمان تێچوون دوو ئەوەندە بەرهەمم دەست دەکەوێت.

لە دواییدا، ئەو ڕێژەیە هەرچەند بێت کە چینی سەرمایەدار لە وولاتێکدا یان لە هەموو بازاڕی جیهانیدا، لەنێو خۆیاندا، قازانجی نێودەست بەرهەمهێنانی پێ دابەش دەکەن، کۆی ئەو چەندایەتیە لە قازانجی نێودەست، هەمیشە هەرچۆن بێت، هیچ نیە زیاد بوونی ئەو چەندایەتیە نەبێت لە کاری کەڵەکەبوو بە بەکارهێنانی کاری ڕاستەخۆ.

لەبەر ئەوە، هەموو ئەم چەندایەتیە بەو ڕێژەیە گەشەدەسێنێت کە سەرمایە بەهێز دەکات، واتە بە هەمان ئەو ڕێژەیەی قازانجی تێدا بەرزدەبێتەوە بە بەراوورد لەگەڵ کرێی کار.

## بەرژەوەنــدییەکانی ســـەرمایەو کــاری کرێگــرتە بە تەواوی نــاکۆکن، کــاریگەری گەشــەی ســەرمایەی بەرهەمهــێن لەســەر کرێی کار

هەر بەوجـــۆرە دەبینـــین، ئـــێمە ئەگەر لەنێـــو پەیوەنـدیەکانی سـەرمایەو کـاری کرێگـرتەدا بمێنینەوە، بەرژەوەنـدیەکانی سـەرمایەو بەرژەوەنـدیەکانی کـاری کرێگرتە، هەر دژ بە یەکتر دەمێننەوە.

گەشــەی خێـرای ســەرمایە، هاوشــانە بە گەشــەی خێرای قازانج. قازانجیش بەو خێراییە گەشە دەکات کە نرخی کار -کرێی کاری ڕێژەیی- بە هەمان خێرایی دادەبەزێت. دەشـێت کرێـی کـاری ڕێژەیـی دابەزێـت، تەنـانەت ئەگەر لەو کـاتەدا کرێـی کـاری بەکـردەوەیش بەرز ببێتەوە لەگەڵ کرێی کاری ئەسڵیدا، لەگەڵ بەهای نەختینەیـــی کــاردا، ئەمە بە مەرجێــک کرێـــی کـــاری بەکردەوە بە هەمان ڕێژەی قازانج بەرز نەبێتەوە. ئەگەر بۆ نموونە، لە ساڵە باشەکانی بیزنزدا، کرێی کار ٥%

بەرز بووەوە، بەڵام قازانج ٣٠% بەرز ببێتەوە، ئەوکاتە کرێی کاری ڕێژەیی کەم دەبێتەوە نەک زیاد بکات.

بۆیە ئەگەر، داهاتی کارگەر لەگەڵ گەشەی خێرای سەرمایەدا زیادی کرد، ئەوا لە هەمانکاتدا، ئەو بۆشاییە کۆمەڵایەتیە فراوانتر دەبێت کە کارگەرو سەرمایەدار لێکجیادەکاتەوە، هەروەک چۆن دەسەڵاتی سەرمایە بەسەر کاردا زیاتر دەبێت و پاشکۆیەتی کاریش زیاد دەکات بۆ سەرمایە.

کاتێک دەڵێن "کارگەر بەرژەوەندی لە گەشەی خێرای سەرمایەدایە"، ئەمە تەنها ئەو واتایە دەگەیەنێت: هەتا کارگەر خێراتر سامانی سەرمایەدار زیاد بکات، نانەووردەکەی خۆی زیاتر دەبێت، وە هەتا ژمارەی کارگەران زۆرتر بێت، ژمارەی کۆیلەی پاشکۆ بە سەرمایە هەر زیاد دەکات.

هەر بەوجۆرە، تێبینی ئەوەمان کرد، تەنانەت لە باشترین حاڵیشدا بۆ چینی کارگەر، ڕەنگە خێراترین ئاستی گەشەی سەرمایە، ژیانی ماتریالیستی کارگەر چاکتر بکات، بەڵام ئەمە دژایەتی نێوان بەرژەوەندیەکانی ئەوو بەرژەوەندی سەرمایەدار لەنێو نابات. قازانج و کرێی کار، هەروەک ڕابووردوو، بە ڕێژەیەکی پێچەوانە بەرامبەر یەک دەوەستنەوە.

کاتێک سەرمایە بەخێرایی گەشە دەکات، ئەوکاتە کرێی کاریش سەردەکەوێت؛ بەڵام قازانجی سەرمایەدار

ئێجگـار خێراتـر دەبێـت. وە ئەوکـاتە ژیـانی باشـتری کـارگەر، لەسـەر حیسـابی بـارودۆخە کـۆمەڵایەتیەکەی دەبێت. ئەو بۆشاییە کۆمەڵایەتیەیشی جیای دەکاتەوە لە سەرمایەدار فراوان تر دەبێت.

لە کۆتاییـدا، ئەگەر بڵێیـت: "باشـترین بـارودۆخی گونجاو بۆ کاری کرێگرتە گەشەی خێرای سەرمایەی بەرهەمهێـنە"، هەروەک ئەوە وایە بڵێیـت: هەتـا خێراتـر چینـی کـارگەر زیـاد بکـات و ئەو دەسـەڵاتە دوژمـنە بەهێزتر بکات کە زاڵە بە سەریدا، ئەوەندەیش مەرجەکان باشتر دەبن بۆ ئەوەی سەرلەنوێ سامانی برجوازیەکان زیاتر بکات، دەسەڵاتی سەرمایە بەهێزتر بکات، وە هەر خۆیشی ئەو کەلەپچە ئاڵتوونیە بۆ خۆی دروست بکات کە برجوازیەت کارگەری پێ ڕادەکێشێت بەدوای خۆیدا.

ئایـا گەشـەی سـەرمایەی بەرهەمهـێن و بەرز بوونەوەی کرێی کار، زۆر توند پێکەوە گرێ دراون و لێـک جیانـاکرێنەوە، وەک ئـابووریزانە برجوازیەکـان دەڵـێن؟ پێویسـتە ئەو ڕاگەیاندنەیان بە ڕاسـت نەزانـین. بەڵکو تەنانەت بە هیچ جۆرێک بەڕاستیان نازانین، کاتێک دەڵـێن ئەوەنـدەی سـەرمایە قەڵەو دەبێـت، ئەوەنـدەیش کـۆیلەکەی قەڵەو دەبێت. برجـوازیەت زۆر ڕوونـاکبیرە، زۆر وووریایـانەیش هەمـوو شـتێک لەبەرچـاو دەگرێـت، لاسـایی دەرەبەگە سـەروەرەکانیش ناکـاتەوە لە لـووت بەرزی و وەهمەکانیانـدا کە شـانازی بە جـل و بەرگە

بریقەدارەکەی خزمەتکارەکانیشیەوە دەکات. هەر مەرجی بوونی برجوازیەت خۆی، برجوازیەت ناچار دەکات بە ووریاییەوە بچێتە نێو ژمێریاریەکانیشیەوە. بۆیە لەسەرمانە لە نزیکترەوە، وەڵامی ئەم پرسیارەی خوارەوە بپشکنین.

کاریگەریی گەشەی سەرمایەی بەرهەمهێن چیە لەسەر کرێی کار؟

ئەگەر بە گشتی، سەرمایەی بەرهەمهێنی کۆمەڵگای برجوازی گەشە بسێنێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کەڵەکەبوونی کار، لە هەموو لایەکەوە ڕوویداوە. سەرمایە تاکە تاکەکان لە ژمارەیشیان و لە چەندایەتیەکەیشیاندا زیاد دەکەن. زیادبوونی سەرمایەی تاکە تاکەیش، ڕکابەری نێوان سەرمایەدارەکان زیاد دەکات. زیاد بوونی بڕی سەرمایەکانیش، ئامرازێک بەرجەستە دەکەن کە سوپایەکی کرێکاری بەهێز، بە ئامێری مەزنترەوە، بەکێش دەکات بەرەو مەیدانی جەنگی پیشەسازی.

سەرمایەدارێک تەنها لە فرۆشتندا بە نرخێکی هەرزان، دەتوانێت سەرمایەدارێکی تر لە مەیدانەکە بکاتە دەرەوەو سەرمایەکەی ئەویش بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە. وە بۆ ئەوەی بتوانێت بە نرخێکی هەرزانتر شت بفرۆشێت بەبێ ئەوەی تووشی شکست ببێت، دەبێت بە خەرجیەکی کەمتر بەرهەم بهێنێت، واتە دەبێت تا ئەتوانێت، هێزە بەرهەمهێنەرەکانی کار گەشە پێبدات.

بەڵام هێزە بەرهەمهێنەرەکانی کار، بەر لە هەرچی، بە فراوان بوون لە دابەشبوونی کارو بەکارهێنانی ئامێرو چاککردنیاندا بە بەردەوامی ڕوودەدات. هەتا سوپای کارگەر گەورەتر بێت و لە نێوانیاندا دابەشبوونی کار فراوانتر بێت، ئامێر بەر بڵاوتر بێت، نرخی ڕێژەیی تێچوونەکانی بەرهەمهێنان نزمتر دەبێتەوە، وە بەروبوومی کاریش زیاتر دەبێت. بۆیە لەنێو سەرمایەدارەکاندا ڕکابەری هەمەچەشنە سەرهەڵدەدات بۆ زیاد کردنی دابەشبوونی کارو ئامێرو بەکارهێنانیان بە ئاستێکی فراوانتر.

ئینجا ئێستا، ئەگەر بەهۆی دابەشبوونێکی گەورەترەوە لە کار، وە بە پراکتیزەکردنی ئامێری نوێ و باشتر کردنیدا، بەهۆی بەکارهێنانێکی سوودمەندانەی هێزەکانی سروشتەوە بە فراوانی، سەرمایەدارەکە شێوازێکی بەرهەمهێنانی دۆزیەوە کە بە هەمان چەندایەتی لە کار، ئیتر ئەمە کاری ڕاستەوخۆ بێت یان کاری کەڵەکەبوو، چەندایەتیەکی گەورەتر لە کاڵا بەرهەم دەهێنێت بە بەراوورد لەگەڵ ڕکابەرەکانیدا. ئەگەر بۆ نموونە، ئەو بتوانێت یەک مەتری تەواو قوماش بەرهەم بهێنێت کە لە هەمان ئەو کاتەدا ڕکابەرەکانی نیو مەتریان پێ بچنرێت، دەبێ ئەو سەرمایەدارە چی بکات؟

ئەو دەتوانێت نیو مەتر قوماش بە هەمان نرخی پێشووتری بازاڕ بفرۆشێت؛ بەڵام کاریگەریی ئەمە

ئەوەنــدە نــیە کە دژەکــانی لە مەیــدانەکە دەرپەڕێنێــتە دەرەوەو بازاڕەکەی خۆی فراوانتر بکات. بەڵام هەرچۆن بێت، بە هەمان ئەو پێوانەیەی هێزە بەرهەمهێنەکانی تێدا بەرز کـردۆتەوە، پێویستیشی بە بازاڕ بەرزتر بۆتەوە. لە ڕاســتیدا هێنــانە نــاوەوەی ئەو کەرەســە بەهێــزو گرانانەی بەرهەمهێنان، یارمەتی دەدات شمەکەکانی زۆر هەرزانتر بفرۆشێت، بەڵام ئەمانە لە هەمانکاتدا، ناچاری دەکەن شمەکی زیاتر بفرۆشێت تا بتوانێت کۆنترۆڵی بازاڕێکی ئێجگار گەورەتر بکات بۆ کاڵاکانی؛ دەرئەنجام، ئەم سەرمایەدارە نیو مەتر قوماشەکەی زۆر هەرزانتر دەفرۆشێت لە ڕکابەرەکانی.

بەڵام ســــەرمایەدارەکە مەترێکـــی تەواو قومـــاش نافرۆشێت بە هەمان ئەو نرخەی کە ڕکابەرەکانی نیو مەتــری پــێ دەفرۆشــن، ئەمە ئەگەرچــی بەرهەمهێنــانی مەترێکی تەواو، لەوە زیاتر نەکەوتووە لەسەری کە بۆ بەرهەمهێنانی نیو مەتر، کەوتۆتە سەر ڕکابەرەکانی. گەر وانەبێــت، قــازانجێکی زیــاتری وەگیــر ناکەوێــت، وە لە ئــاڵوگۆڕدا هەر تەنهــا تێچــوونی بەرهەمهێنــانەکەی بــۆ دەگەڕێتەوە. دەشێت لە سەرمایەگوزاریەکی گەورەتردا، داهــاتێکی زیــاتری بێتەدەســت، بەڵام نەک بەوەی بە سەرمایەکەی، قازانجێکی زیاتری لەوانی تر دروست کردبێت. زیاتر لەوەیش، ئەو هەر تەنهــا بەوە دەگــاتە ئامــانجە دیــاری کــراوەکەی کە ئەگەر شــتەکانی بە

ڕێژەیەکی کەم، نزمتر بێت لە نرخی ڕکابەرەکانی. هەر بەوە ئەوان لە مەیدان دەکاتە دەرەوە، یان لانی کەم بەشێکی بازاڕەکەیان لێ داگیر دەکات، هەر بەوەی لەوان نزمتر شتەکانی دەفرۆشێت.

دواجار، با ئەوەیش یاد بخەینەوە کە نرخ، هەمیشە، یان لەسەروو تێچوونی بەرهەمهێناوە دەبێت یان لە خوارییەوە، ئەمەیش لەسەر ئەوە وەستاوە ئایا فرۆشتنی ئەو کالآیە دەکەوێتە کاتێکی باش یان خراپی پیشەسازییەوە. وە هەر لەسەر ئەوەی ئایا نرخی مەترێک قوماش لە بازاڕدا، لەسەروو یان خوارووی تێچوونی بەرهەمهێنانی ڕابووردوویەوەیەتی، ئەوا ئەو سەرمایەدارەی کەرەسەی بەرهەمهێنانی نوێی باشتری بەکارهێناوە، بە نرخێکی زیاتر لە تێچوونی بەرهەمهێنانەکەی، بە ڕێژەی جیاواز شت دەفرۆشێت.

بەڵام ئیمتیازی کاپیتالیستەکە زۆر درێژە ناکێشێت. کاپیتالیستی ڕکابەری تریش هەمان ئامێرو هەمان دابەشبوونی کار بەکاردەهێنن، لە هەمان ئاستداو بگرە فراوانتریش. دواجاریش بەرهەمهێنانەکەی، جۆرێک بڵاودەبێتەوە کە نرخی قوماشەکەی تێدا دانابەزێت بۆ کەمتر لە تێچوونی بەرهەمهێنانەکەی ڕابووردووی و بەس، بەڵکو تەنانەت نزمتر لە تێچوونی بەرهەمهێنانە نوێکەیشی دەبێت.

هەر لەبەر ئەوە، کاپیتالیستەکان، خۆیان لە پەیوەندیەکی هاوبەشدا دەبیننەوە بەرامبەر بە یەکتر، هەروەک نێو ئەو بارودۆخەی بەر لە ناساندنی ئەم کەرەسە نوێیەی بەرهەمهێنان تیایا بوون؛ وە ئەگەر بەو کەرەسانە بتوانن دوو ئەوەندە بەرهەم دەست بخەن بە هەمان نرخی ڕابووردوو، ئەوا ئەوکاتە ناچار دەبن دوو ئەوەندە بفرۆشن بە نرخێکی کەمتر لە ڕابووردوو. وە ئەوکاتەی تێچوونی بەرهەمهێنان دەگاتە ئەو ئاستە نوێیە، ئەوکاتە یاریەکەیش تازە دەبێتەوە: زیاد بوونی دابەشبوونی کار، زیاد بوونی ژمارەی ئامێرەکان، وە دەرئەنجامەکانیان لە ئاستێکی فراوانتری بەکارهێنانی دابەشبوونی کارو ئامێر. وە سەرلەنوێ ڕکابەری هەمان پەرچەکردار دێنێتەوە ناو، دژی ئەم دەرئەنجامە.

## کاریگەریی ڕکابەریی سەرمایەداریی لەسەر چینی سەرمایەدارو چینی ناوەڕاست و چینی کرێکار

هەر بەوجۆرە بینیمان، چۆن مێتودی بەرهەمهێنان و کەرەسەکانی بەرهەمهێنان، بەردەوام لە گۆڕانکارییەکی شۆڕشگێرانەدان، چۆن دابەشبوونی کار، وەک پێویست، دابەشبوونێکی گەورەتر بەدوای خۆیدا بەکێش دەکات، بەکارهێنانی ئامێر، بەکارهێنانی ئامێر فراوانتر دەکات، کار لە ئاسێکی فراوانەوە دەباتە ئاستێکی فراوانتر. ئەمەیش یاسایەکە، بەردەوام بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، بەرەو دەرەوەی ڕێگا کۆنەکانی ئاراستە دەکات، وە سەرمایە ناچار دەکات هەمیشەو بە بەردەوامی، هێزە بەرهەمهێنەکانی کار برەو پێبدات، ئەو یاسایەی ڕێگا نادات سەرمایە بوەستێت، وە بەردەوام دەقیژێنێت بە گوێیدا: بۆپێشەوە! بۆ پێشەوە!

ئا ئەمە هیچ نیە جگە لەو یاسایەی؛ بە شێوەیەکی دەوری، لەنێو هەڵبەزودابەزەکانی بازرگانیدا، وەک

پێویست، نرخی کاڵایەک دەگونجێنێتەوە لەگەڵ تێچوونی بەرهەمهێنانیدا.

وە ئەو کەرەســـە بەرهەمهێـــنەرانەی ســـەرمایەدار دەیخاتەکار، هەرچەند گەورەو بەهێز بن، ڕکابەری ئەم کەرەسـانە گشـتی دەکـاتەوە؛ وە تـاکە دەرئەنجـامی ئەو گشـــتی بـــوونەوەیەیش، بەرهەمێکـــی گەورەتـــری سەرمایەکەیەتی کە ناچاری دەکات، بەرامبەر بە هەمان نرخـی ڕابـووردوو، ١٠، ٢٠، ١٠٠ جـار زیـاتر لە جـاران، بەرهەمەکانی پێشکەش بکات. ئەمە لەکاتێکا لەسـەریەتی بازاڕێک بدۆزێتەوە بۆ چەندایەتیەک لە بەرهەم کە ڕەنگە ١٠٠٠ جـار زیـاتر بووبێت، ئەمەیـش بـۆ ئەوەی نرخێکـی کەمتر بخاتە بری چەندایەتیەکی گەورەتر لە فرۆشتن.

وە لەکاتێکا چەندایەتیەکی گەورەتر لە فرۆشـتنی کـاڵا بۆتە پێویستیەک بۆی، ئەمەیش نەک هەر بۆ دەستکەوتی زیـاتر و بەس، بەڵکـو بـۆ دەسـتکەوتنەوەی تێچـوونی بەرهەمهێنـانیش، ئەمە لەکاتێکـا، وەک پێشـتر بینیمـان، ئامرازەکـانی بەرهەمهێنـان، بەردەوام نـرخەکەی زیـاترو زیـــاتر دەکـــات، وە لەکاتێکیشـــا ئەم فرۆشـــتنە بە چەنـدایەتیەکی گەورە، بـۆتە پرسـێکی زینـدوو، نەک هەر سـەبارەت بەم سـەرمایەدارەو بەس، بەڵکو سـەبارەت بە ڕکابەرەکانیشی، ئەوا، ئەوەندەی داهێنان لە کەرەسەکانی بەرهەمهێنانـدا کـاریگەر تـر دەبێت، ئەوەنـدەیش خەبـاتی نێوان ئەو سەرمایەدارانە توندوتیژتر دەبێت. هەر لەسەر

ئەم بنەمایەیشە، دابەشبوونی کارو بەکارهێنانی ئامێر بە ئاستێکی فراوان گەشەدەسێنن.

هێـزی کەرەســەکانی بەرهەمهێنــان لە بەکارهێنانــدا هەرچەند بێت، ڕکابەری هەر هەوڵێکە بۆ بە تاڵان بردنی بەرهەمە ئـــاڵتوونیەکەی ئەو ووزەیە، ئەمەیـــش بە کەم کردنەوەی نرخی کاڵاکان بە بەراوورد لەگەڵ تێچوونی بەرهەمهێنانیاندا؛ بە هەمان ئەو پێوانەیەی بەرهەمهێنانی تێدا هەرزان دەکەوێت. واتە بە هەمان ئەو پێوانەیەی کە بە هەمـان چەنـدایەتی لە کـار، دەتوانرێـت زیـاتر بەرهەم بهێنرێــت. ئەمەیــش لە یاســایەکەوە دەســەپێنرێت کە بەرهەڵســـــتی ناکرێــــت لە هەرزان کردنـــــی زۆری بەرهەمهێنانـدا وە فرۆشتنیشـی بە خەڵکـی بە نرخێکـی کەمتر.

هەر بەوجـۆرە، سـەرمایەدار هیچـی لەو کۆششــەی خـــۆی دەســــتنەکەوتووە تەنهـــا پێشـــکەش کردنـــی بەرهەمهێنانێکی زیاتر نەبێت لە هەمـان کـاتی کـاردا، یـان بە ووشــەیەک، هیچـــی دەســت نەکەوتــووە مەرجێکــی قورستر نەبێت بۆ زیاد کردنی سەرمایەکەی. وە لەکاتێکا ڕکابەری بەهـۆی یاسـای تێچـوونی بەرهەمهێنانەوە هەر بەدوای ســـــــەرمایەدارەوەیە، وە هەر چەکێکـــــــیش بەکاردەهێنێت دەبێتەوە دژی خـۆی، لەبەرئەوە بەردەوام هەوڵ دەدات ســەرکەوێت بەســەر ڕکابەرەکانیـدا بەوەی بەبێ وەسـتان، ئـامێرە کۆنەکـان و ڕێوشـوێنە کۆنەکـانی

دابەشبوونی کار بگۆڕێت بە ئامێرو ڕێوشوێنی تازە کە ئەگەرچی تێچوونی زیاترە، بەڵام بەرهەمهێنان هەرزان تر دەکات، وە زۆریشی پێناچێت، هەر ڕکابەری ئەم ئامێرو ڕێوشوێنە نوێیانەیش دەکاتە ئامێرو ڕێوشوێنێکی کۆنی بەسەرچوو.

وە ئەگەر ئێستا بڕوانینە ئەو بزووتنەوەیەی لە هەموو بازاڕی جیهانیدا دێت و دەچێت، تێدەگەین چۆن گەشەی سەرمایەو کەڵەکەبوونی و سێنترالیزە بوونی دەبێتە هۆی دابەشبوونی کار بەبێ دابڕان، بەجۆرێک کە هەر خۆی خۆیی تێدا دەگۆڕێت، بە ئاستێکیش کە هەمیشە فراوان دەبێت، وە دەبێتە هۆی بەکارهینانی ئامێری نوێ و پێشخستنی ئامێرە بەسەرچووەکان — ئەمە پرۆسێسێکە، بەردەوام، بەخێراییەک، لە هەر کاتێکی تر زیاتر، لە ڕۆیشتندایە.

بەڵام ئەم مەرجانەی لە گەشەی سەرمایەی بەرهەمهێن دانابڕێن، چ کاریگەریەک جێدەهێڵن لەسەر دەستنیشان کردنی کرێی کار؟

دابەشبوونی کار بە ئاستێکی فراوان، ئاسانکاری دەکات بۆ کارگەر کە بە کاری ٥ و ١٠ و ٢٠ کارگەر هەڵبسێت؛ واتە ئەمە ٥ جارو ١٠ جارو ٢٠ جار زیاتر، ڕکابەری زیاد دەکات لەنێوان کرێکاراندا. کرێکاران هەر ڕکابەری لەسەر ئەوە ناکەن خۆیان بە نرخێکی کەمتر لەوانی تر بفرۆشن؛ بەڵکو ڕکابەری لەسەر ئەوەیش

دەکەن کە هەر یەکێکیان بە کاری ٥ کرێکارو ١٠ و ٢٠ یش هەڵدەسێت، وە ناچاریشن لەسەر ئەم بنەمایەی دابەشبوونی کار، ڕکابەری یەکتر بکەن کە لە سەرمایەوە دەناسێنرێت و بەردەوامیش چاکتر دەکرێت.

جگە لەوەیش، بە هەمان ئاست، کارکردن ئاسانتر دەبێت، هەرچەند دابەشبوونی کار زیاد بکات. وە ئیتر شارەزایی تایبەتی کرێکار هیچ بایەخێکی نامێنێت. کرێکار دەبێتە هێزێکی بەرهەمهێنی ڕێکوپێکی ئاسان، دەبێتە هێزێک کە هیچ شارەزاییەکی جەستەیی یان فیکریی لێ داوا ناکرێت. وە کارەکەیشی بە هەموو کەس دەکرێت. بۆیە ڕکابەرەکان لە هەموو لایەکەوە زەبری لێدەکەن. با ئەوەیش یاد بخەینەوە کە ئەوەندەی کار سادە دەبێت و فێربوونی ئاسان دەبێت، ئەوەندەیش تێچوونی بەرهەمهێنانی کەمتر دەبێتەوە، وە ئەوەندەیش کرێی کار کەم دەبێتەوە، چونکە کرێی کار بە تێچوونی بەرهەمهێنان دەستنیشان دەکرێت، وەک نرخی هەر کاڵایەکی تر. لەبەر ئەوە، بە هەمان ئەو شێوازەی کار قورستر و ناخۆشتر دەبێت، ڕکابەرییش زیاد دەکات و کرێی کار کەم دەبێتەوە.

کرێکار هەوڵ دەدات پارێزگاری هەموو کرێی کارەکەی بکات، ئەمەیش بە ئەنجامدانی زیاتری کار لە هەمان کاتدا، یان بە ژمارەیەک لە کاژێری زیاتر لە کار کردن، وە یان بە بەرهەمهێنانی چەندایەتیەکی زیاتر لە

هەمـان کـاژێردا. هەر بەوجـۆرە، ئەو خـۆی کارەسـاتە کاریگەرەکانی دابەشبوونی شـوومی کـار لەسـەر خـۆی زیاد دەکات. دەرئەنجام: هەتـا زیـاتر کـار بکات، کەمتر وەردەگرێـت. وە هەر لەبەر ئەم هۆکـارە سـادەیە: هەتـا کـار زیـاتر بکات، زیـاتر ڕکـابەری هـاوڕێ کارگەرەکانی دەکـات لە کـاردا، وە بە ڕکـابەری زیـاتری ئەوان دەبێتە ڕکابەر دژی خۆی، وە خۆیان دەخەنە ژێر هەمـان بـاری نائومێدیەوە، بەجۆرێک کە لە دوایـن لێکۆڵینەوەدا، خـۆی ڕکابەریی خۆی دەکات وەک ئەندامێکی چینی کارگەر.

ئـامێریش هەمـان کـاریگەریی جێـدەهێڵێت، بەڵکـو تەنـانەت لە ئاسـتێکی بەرفراوانتریشـدا. ئـامێر کرێکـاری شارەزا دەخاتە جێی نەشارەزاکان، ئافرەت دەخـاتە جێی پیـاو، منـاڵ دەخـاتە جێـی گەنـج، وە هەر بەمەیـش، بە کۆمەڵ، کارگەر فڕێدەداتە سەر شـەقامەکان، وە لەکاتێکا ئامێر پێشکەوتووترو بەرهەمهێن تر دەبێت، ژمارەیەکی تریشیان لێ فڕێدەدات ئیتر ئەگەر کەمیش بن.

لەســەرەوە تـابلۆیەکی خێرامـان کێشـا لە جەنگـی پیشەسـازی نێـوان سـەرمایەداران خۆیانـدا. ئەو جەنـگە تایبەتمەندیەکی جیاوازی هەیەو شـەڕەکان تیایا بە هـۆی کەم کـردنەوەی کـارگەرانەوە ڕوودەدات زیـاتر لەوەی بەهــۆی زیــاد کردنیــانەوە بێــت. جێنەراڵەکـــان (ســەرمایەدارەکان) پێشــبڕکێی یەکتــر دەکەن لەســەر ئەوەی بــزانن کامیــان زۆرتــرین ژمــارە لە ســەربازی پیشەسازی بێکار دەکات.

بەڵام ئابووریزانەکـان دەیانەوێـت دڵنیامـان بـکەنەوە لەوەی ئەو کرێکارانەی بەهۆی ئامێرەکانەوە دەبنە زێدە، ئەوانە لە لـــقە نوێکـــانی پیشەســـازیدا کـــارێکی نـــوێ دەدۆزنەوە، بەڵام ئەوان نـــاوێرن ڕاســـتەوخۆ دڵنیامـــان بـکەن لەوەی ئەو کرێکـارانەی دەرکـراون، ڕووبەڕووی بـارودۆخێکی نـوێ دەبـنەوە لەو لـقە نوێیـانەی کـاردا. لێـرەدا واقیـع، بە دەنگــی بەرز، دژی ئەم درۆیە هــاوار دەکـــات. ئەوان، بەمانـــای ووردی ئەو وشـــەیە، دەڵـــێن مێتـودی تـر دەدۆزرێـتەوە بـۆ بەشـەکانی تـری چینـی کـارگەر؛ بـۆ نمـوونە، بـۆ ئەو نەوە نـوێیەی لە کرێکـاران بەڕێــوەن بــۆ نێــو ئەو لــقە پیشەســازیەی هەر تــازە لەنــاوچووە. بێگومــان ئەمەیــش، ڕازی کردنێکــی زۆری کرێکـارە کەمئەنـدامەکانە. هـیچ کەموکـورپیەک نـیە بـۆ بەکارهێنانی ئەو خوێن و ماسولکە ساغانە بۆ سـەروەرە کاپیتالیســـتەکان -مردووەکـــان مردووەکـــانی خۆیـــان دەنێـژن. ئەم تەعزێیـاریەیش وا دەردەکەوێـت زیـاتر بـۆ ڕاحەتـــی گیـــانی ســـەرمایەداران خۆیـــان بێـــت هەتـــا کرێکارەکانیـان. ئەگەر هەمـوو چینـی کرێکـاری کرێگـرتە بەهـــۆی ئـــامێرەوە لەنـــاو ببـــرێن، ئەمە چ کارەســـاتێکی سامناک دەخوڵقێنێت بۆ سەرمایە. بەبێ کـاری کرێگـرتە، سەرمایە لەوە دەکەوێت سەرمایە بێت.

بەڵام، گریمان ئەو کرێکارانەی ڕاستەوخۆ ئامێرەکـان دەریـان کـردوونەتە دەرەوە، وە هەمـوو بەشـێکی نەوەی

نوێیش کە چاوەڕێ بووە هەلی کاری دەست بکەوێت لەو لقەدا لە پیشەسازی، کارێکی نوێ دەدۆزنەوە. ئایا ئەمانە هەمان کرێی کاریان لەم کارە نوێیە دەست دەکەوێت کە لەو کارە دەستیان دەکەوت لە دەستیان چووە؟ ئەگەر ئەمە ڕووبدات، ئەمە دژی یاساکانی ئابووری سیاسیە. ئێمە بینیمان، چۆن پیشەسازی هاوچەرخ، هەمیشە هەوڵ دەدات کاری ئاسان، کاری نزم، بخاتە جیگای کاری ئاڵۆز، کاری بەرز. ئیتر چۆن توێژێک لەو کرێکارانەی ئامێرەکان فڕێیان داونەتە دەرەوەی لقێکی پیشەسازی دیاریکراو، لە لقێکی تری پیشەسازیدا، پەناگایەک دەدۆزنەوە، تەنها لەوکاتەدا نەبێت کە کرێیەکی کاری کەمتریان دەدرێتی، کرێیەکی کاری خراپتر؟

لێرەدا دەلیلێکی تایبەتی هەیە بۆ تایبەتمەندیەک لەو یاسایەدا، ئەویش ئەو کرێکارانەن کە خۆیان لە دروستکردنی ئامێردا کار دەکەن. کاتێک لە پیشەسازیدا داخوازی زۆرتر هەیە لەسەر بەکاربردنی ئامێر، ئەوا دەبێت وەک پێویست ژمارەی ئامێر زیاد بکات، دەرئەنجامیش دروستکردنی ئامێر زیاد بکات، دووبارە، دەرئەنجام، ژمارەی ئەو کرێکارانەیشی لە دروستکردنی ئامێردا کار دەکەن زیاد بکات؛ وە دەبێت کرێکارانی نێو ئەم لقە پیشەسازیە شارەزا بن و تەنانەت کارگەری خوێنەواریش بن.

ئەو قسـەیەی هەتـا سـاڵی ١٨٤٠ یـش نیـوە ڕاسـتێک بوو، هەمـوو بـایەخێکی لەدەسـتدا، چـونکە ئێسـتا ئـامێری گرانبەهـا، بە ئاسـتێکی فراوانتـر پراکتیـزە دەکرێـت، ئیتـر هەر لە دروسـتکردنی ئـامێرەوە تـا پیشەسـازی چنینـی لـــۆکە، ئەو کرێکارانەیشـــی لە نێـــو پیشەســـازی بەرهەمهێنـانی ئـامێردا کـار دەکەن، چیتـر لە توانایانـدا نەمـاوە، لە پـاڵ ئـامێری پێشـکەوتوودا بە هـیچ کارێـک هەڵسن، تەنها بە دەوری ئامێری زۆر سەرەتایی نەبێت.

بەڵام لە جێی ئەو پیاوەی ئـامێر جێگـای گرتـۆتەوە، ڕەنگە ئەو پیشەسـازیە سـێ منـاڵ و ژنێک دابمەزرێنێت! بەڵام ئایا ئەو کرێی کارەی پیاوەکە وەری دەگرت، بەسە بـۆ گـوزەرانی سـێ منـاڵ و ژنێـک؟ وە ئایـا لانـی کەمـی کرێـی کـار بەس نـیە بـۆ بەخێـو کردنـی ئەم ڕەگەزەو زاووزێ کردنی؟ ئیتر ئەم دەربڕینە چـی دەسـەلمێنێت وا ئەوەندە خۆشەویستە لە لای برجوازیەکان؟

ئەمە هـیچ مانـایەک نـادات ئەوە نەبێـت کە ئێسـتا؛ بە بەکارهێنانی چوارجار زیاتر لە ژیانی کارگەر، ئینجا نانی خێزانێکی کرێکاری پەیدا دەکرێت.

بـا کـورتی بکەیـنەوە: ئەوەنـدەی سـەرمایە گەشـە دەکات، ئەوەندەیش دابەشبوونی کارو بەکارهێنانی ئامێر فـراوان دەبێـت؛ وە ئەوەندەیشـی دابەشـبوونی کـارو بەکارهێنانی ئامێر فراوان دەبێت، ئەوەندەیش ڕکابەری بڵاودەبێـتەوە لە نێـو کرێکارانـدا، وە ئەوەنـدەیش کرێـی کارەکەیان کەم دەبێتەوە.

سـەرباری ئەوەیـش، خەڵکـی لە دەسـتەو تـوێژە بەرزەکـانی کۆمەڵگایشـەوە، دەکەونە ڕیزەکـانی چینـی کرێکـارەوە، وەک خـاوەن بیزنـزە بچووکەکـان و ئەوانەیشـی لەسـەر سـوودی سـەرمایەکەیان دەژیـن، ئەوانەی هـیچ دەرچەیەکیـان بـۆ نـامێنێتەوە دەست بەرز کردنەوە نەبێت لە تەنیشت کرێکارانەوە. هەر بەوجۆرە، دارسـتانێک لە دەسـت بەرز دەکـرێتەوە بـۆ داوای کـارو هەر چڕتریش دەبێتەوە، بەڵام تا دێت دەستەکان خۆیان، هەر لاواز تر دەبن.

وە بە تەواویـیش ڕوونە کە خـاوەن پیشەسـازی بچـووک توانـای مـانەوەی نـیە لەو نـاکۆکیەدا کە لە هەر کـاتێکی تـر زیـاتر، مەرجـی یەکەمـی سـەرکەوتن تیایـا، بەرهەمهێنـانی گەورەیە. وە ڕوونیشـە کە پیشەسـازیە بچووکەکانیش ژمارەی پرۆلیتاریا زیـاد دەکەن، ئەمەیش هیچ ڕوون کردنەوەیەکی ناوێت.

ئەمە هیچ مانایەکی نیە ئەمەی خوارەوە نەبێت:

چـوار ژیـانی کـارگەری، لە بـری تـاکە ژیـانێکی کـارگەری، لەنێـو دەچێـت بـۆ ئەوەی یەک خێزانـی کرێکاریی پێ بژێنرێت.

وە هیچ پێویست بە ڕوون کردنەوەی زیاتر ناکات کە سوودی سەرمایە دادەبەزێت ئەوەندەی سـەرمایە گەشـە دەکـات، ئەوەنـدەی قەوارەو ژمـارەی زیـاد دەکـات، هەربـۆیە لە توانـای زەوی بەکرێـدەرە بچووکەکانـدا

نامێنێت لەسەر کرێی زەویەکەی بژی، بۆیە ناچار دەبێت پەنا بۆ پیشەسازی ببات، واتە دەچێتە ڕیزی خاوەن پیشەسازیە بچووکەکانەوە، وە هەر بەو شێوەیەیش، ژمارەی ئەوانە زیاد دەکات کە دەگوێزنەوە بۆ نێو ڕیزەکانی پرۆلیتاریا.

لە دواییدا، بە هەمان ئەو پێوانەیەی سەرمایەداران ناچار دەبن، بەهۆی ئەو بزووتنەوەیەوە کە لە سەرەوە یادمان خستەوە، ئەو کەرەسە زەبەلاحانەی بەرهەمهێنان بەکاربهێنێت لە ئاستێکدا کە لەهەموو کاتێک زیاتر بەرهەمهێنان تێیدا فراوان دەبێت، وە هەر بۆ ئەو مەبەستەیش، دەمارە گرنگەکانی قەرز بخاتە جووڵە، وە ئەمە بە هەمان پێوانەیش، بوومەلەرزەی پیشەسازی زیاد دەکات لەنێو ئەو جیهانە بازرگانیەدا کە پارێزگاری خۆیی پێ ناکرێت، بەبێ قوربانیدانی شەیتانەکانی ژێر زەوی بە بەشێک لە سامانەکەیان، لە بەرهەمهێنراوەکانیان، وە تەنانەت لە هێزی بەرهەمهێنیش[14]، بەکورتی، قەیرانەکان هەر زیاد دەکەن. ئەو قەیرانانەی تا دێت دووبارەو دووبارە دەبنەوەو بەردەوامیش توندوتیژییەکانیان بەهێزتر دەبن، ئیتر

---

[14] . مەبەست هێزی کارە، واتە مەبەست کرێکارانە کە دەبنە زێدە سەبارەت بە کەرەسەکانی بەرهەمهێنان. هەمیشە، بۆ وەگەڕخستنەوەی سەرمایە، ئەو زێدەیە لە دەستی کار لەناو براوە (وەرگێڕ).

ئەگەر واز لە هەموو هۆکارەکانی تریش بهێنین، کە هەر بە هەمان ئەو پێوەرەی چەندایەتی بەرهەمەکان زیاد دەکات، وە بەوهۆیەیشەوە بازاڕێکی بەر فراوانتر دەبێتە پێویست، بە هەمان پێوەریش، بازاڕی جیهانی دێتەوەیەک، وە هەمیشە بازاڕ کەمتر دەبێتەوە بۆ بەکارهێنانی، چونکە هەموو قەیرانێکی ڕابووردوو، بازاڕێکی نوێ دەکاتەوە لە بەردەم بازرگانی جیهانیدا، ئەو بازاڕانەی سەرزارەکی نەبێت، هێشتا دەستی نەگیراوە بەسەردا.

بەڵام سەرمایە هەر لەسەر کار ناژی و بەس. ئەو وەک سەروەرێک کە لە یەک کاتدا جیاوازیشەو بەربەریشە، لاشەی کۆیلەکانی ڕادەکێشێت بۆ نێو گۆڕەکەیشی، هەموو ئەو کارگەرە قوربانیانەی لە قەیرانەکاندا بەهیلاک چوون.

هەر بەوجۆرە دەبینین، هەرکاتێک سەرمایە بەخێرایی گەشە دەکات، ڕکابەری لەنێوان کرێکاراندا خێراتر گەشە دەسێنێت، بەمەیش کەرەسەکانی کارپێکردن و بژێوی چینی کارگەر، تەنانەت بەڕێژەیەکی خێراتر نزم دەبنەوە؛ هەر لەبەر ئەوەیە، گەشەی خێرای سەرمایە، باشترین مەرجی کاری کرێگرتە.

# ووشەو زاراوەو کۆنسێپتە ئابوورییەکان

| | | | |
|---|---|---|---|
| means of subsistence | وسائل العيش | کەرەسەکانی بژێوی | ١ |
| Tool | أداة | ئامراز | ٢ |
| Machine | آلة | ئامێر | ٣ |
| raw material | مواد خام | کەرەسەی خاو، ماتریالی خاو | ٤ |
| wage | أجرة | کرێی کار | ٥ |
| mode of production | اسلوب الانتاج | شێوازی بەرهەمهینان | ٦ |
| average | متوسط، وسطي | مامناوەندی | ٧ |
| maintain | حفاظ | پارێزگاری | ٨ |
| piece-wages | الاجر بالقطعة | کرێی کار بە پارچە | ٩ |
| per capita | للفرد، لکل فرد | بۆ هەر تاکێک | ١٠ |
| products | منتجات | بەرهەمهێنراوەکان | ١١ |
| Classes | طبقات | چینەکان | ١٢ |
| feudal | الحكم | دەسەلاتی ڕەهای | ١٣ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| absolutism | المطلــــق الاقطاعي | دەرەبەگايەتی | |
| event | حدث | ڕووداو | ١٤ |
| club | نادی | يانه | ١٥ |
| struggle | نضال | خەبات | ١٦ |
| english-Russian | الأنجلــو- روسية | ئەنگلۆ-ڕووسی | ١٧ |
| Slavery | عبودية | كۆيلايەتی | ١٨ |
| desperate | يائس | نائومێد | ١٩ |
| counter-revolution | ثــــورة مضـادة أو معاكسة | شۆڕشـــــــی بەراوەژوو یـــان پێچەوانه | ٢٠ |
| Geniuses | عبقری | عەبقەری | ٢١ |
| Socialism | الاشتراكية | سۆشياليزم | ٢٢ |
| state of the bourgeois | الدولــــة البرجوازية | دەوڵەتــــــــی برجوازی | ٢٣ |
| miracle | معجزة | موعجيزه | ٢٤ |
| different branches of industry | مختلـــف فـــــروع الصناعة | لـقه جياوازەكـانی پيشەسازی | ٢٥ |
| labour power | قوة العمل | هێزی كار | ٢٦ |
| Measure | قياس | پێوەر | ٢٧ |
| Commodity | بضـــاعة، سلعة | كاڵا | ٢٨ |
| peculiar | بضاعة من | كـــــــاڵايەک له | ٢٩ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| commodity | نوع خاص | جۆرێکی تایبەتی | |
| weaver | حائک | چنەر | ٣٠ |
| instrument of labour | أداة العمل | ئامرازی کار | ٣١ |
| auctioned off | مزاد علنی | فرۆشتنی ئاشکرا | ٣٢ |
| gold | ذهب | ئاڵتوون | ٣٣ |
| mining | معادن | کانزا | ٣٤ |
| Palace | قصر | کۆشک | ٣٥ |
| Slave | عبد | کۆیله | ٣٦ |
| slave-owner | مالک العبید | خاوەن کۆیله | ٣٧ |
| serf | قن، رق، عبد الارض | کۆیلەی زەوی | ٣٨ |
| fruit | محصول | بەروبوم | ٣٩ |
| free labourer | عامل حر | کرێکاری ئازاد | ٤٠ |
| Competition | منافسة | ڕکابەری | ٤١ |
| buyers and sellers | المشتري والبائع | کڕیارو فۆشیار | ٤٢ |
| proffer | عرض | دەخرێتەڕوو | ٤٣ |
| cotton | قطن | لۆکه | ٤٤ |
| Scarcity | نادر | دەگمەن | ٤٥ |
| race | مسابقة | پێشبرکێ | ٤٦ |
| fluctuation of supply and | تقلبات العرض | هەڵبەزودابەزی خستنەڕوو | ٤٧ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| demand | والطلب | داخوازی | |
| ebbs and flows of the industry | المـــــد و الجـزر فـي الصناعة | هەڵکشــــــان و داکشـــــــانی پیشەسازی | ٤٨ |
| average price | متوســـط الاسعار | نرخی مامناوەندی | ٤٩ |
| earthquake | زلزال، هزة ارضية | بوومەلەرزە | ٥٠ |
| extravagance | انحراف | لادان | ٥١ |
| duration | مدة | وەخت | ٥٢ |
| necessary labour-time | وقت العمل الضروري | كـــاتی كـــاری پێویست | ٥٣ |
| labourer | عامل | كرێكار | ٥٤ |
| apprenticeship | فتـــــرة التـــدريب في مهنة | مــاوەی ڕاهێنــان لەسەر پیشەیەک | ٥٥ |
| used up | اســتهلاک، استعمال | بەكار ببرێت | ٥٦ |
| worn-out machine | آلة بالية | ئـــــــــامێری بەسەرچوو | ٥٧ |
| Propagation | تكاثر | وەچە خســتنەوە، زیاد بوون | ٥٨ |
| minimum wages | حـد ادنــى للاجور | لانی کەمی کرێی كار | ٥٩ |
| components of | مكونـــات | بەشـــــــــــە | ٦٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| capital | رأس المال | پێکهێنەرەکـــــانی سەرمایە | |
| accumulated labour | تـــــــراكم العمل | کاری کەڵەکە بوو | ٦١ |
| social relations | علاقــــات اجتماعية | پەیوەنـــــــــدی کۆمەڵایەتی | ٦٢ |
| forces of production | قــــــوى الإنتاج | هێزەکـــــــــانی بەرهەمهێنان | ٦٣ |
| relations of production | علاقــــات الإنتاج | پەیوەنـــــدیەکانی بەرهەمهێنان | ٦٤ |
| ancient society | المجتمـــــع القديم | کۆمەڵگای کۆن | ٦٥ |
| feudal society | المجتمـــــع الإقطاعي | کۆمەڵگـــــــــای دەرەبەگایەتی | ٦٦ |
| bourgeois society | المجتمـــــع البرجوازي | کۆمەڵگـــــــــای برجوازی | ٦٧ |
| particular stage | مرحلـــــــة معينة | قۆنـــــــــاغێکی دیاریکراو | ٦٨ |
| history of mankind | تـــــاريخ البشرية | مێـــــــــــژووی مرۆڤایەتی | ٦٩ |
| exchange value | القيمـــــــة التبادلية | بەهای ئاڵوگۆڕ | ٧٠ |
| social magnitude | اطـــــــار اجتماعي | قەوارەیەکـــــــی کۆمەڵایەتی | ٧١ |
| Increase | زيـــــــادة، | زیاد دەکات | ٧٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ازدياد | | |
| productive capital | رأس المال الإنتـــاجي (المنتج) | ســـــــــەرمایەی بەرهەمهێن | ٧٣ |
| living labour | العمـــــــل الحي | کاری زیندوو | ٧٤ |
| working class | طبقـــــــة الشغيلة | چینی کارگەر | ٧٥ |
| Usurer | مراب | سووخۆر | ٧٦ |
| demand for labour | طلـب علـى العمل | داخـوازی لەسـەر کار | ٧٧ |
| rapid growth | نمو سريع | گەشەی خێرا | ٧٨ |
| Luxury | رفاهية | خۆشگوزەرانی | ٧٩ |
| coined silver | قطعة نقدية فضية | پارەی زیوی | ٨٠ |
| Exchange | تبادل | ئاڵوگۆڕ | ٨١ |
| Suppose | افترض | وایدادەنێین | ٨٢ |
| Profit | ربح | قازانج | ٨٣ |
| Relative | نسبي | ڕێژەیی | ٨٤ |
| Quantity | كميـــــــة، مقدار | چەندایەتی | ٨٥ |
| Relation | علاقة | پەیوەندی | ٨٦ |
| Capitalist | رأسمالي | ســـــــەرمایەدار، کاپیتالیست | ٨٧ |
| Term | مصطلح | زاراوە | ٨٨ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| surplus | فائض | زێده | ٨٩ |
| surplus value | فـــــائض القيمة | زێدەی بەها | ٩٠ |
| Decrease | انخفاض | دابەزین | ٩١ |
| Distribution | توزيع | دابەش کردن | ٩٢ |
| social wealth | الثـــــروة الاجتماعية | ســــــــــامانی کۆمەڵایەتی | ٩٣ |
| inverse proportion | تناســــب عكسي | ڕێژەیەکـــــــــی پێچەوانە | ٩٤ |
| Market | السوق | بازاڕ | ٩٥ |
| Equalize | تعــــادل، يجعلـــــه متساويا | هاوســـــــــان، هاوسانی دەکات | ٩٦ |
| forces of nature | قـــــوى الطبيعة | هێزەکـــــــانی سروشت | ٩٧ |
| Invention | اختراع | داهێنان | ٩٨ |
| world market | ســــــوق عالمي | بازاڕی جیهانی | ٩٩ |
| Amount | مبلغ، كمية | بڕ، چەندایەتی | ١٠٠ |
| Grow | تنمو | گەشە دەکات | ١٠١ |
| rapid growth of capital | النمــــو الســــريع لــــرأس | گەشـــەی خێـــرای سەرمایە | ١٠٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | المال | | |
| social chasm | الهوة الاجتماعية | بۆشایی کۆمەڵایەتی | ١٠٣ |
| productive forces of labour | قوى المنتجة للعمل | هێزە بەرهەمهێنەرەکانی کار | ١٠٤ |
| Ware | سلعة | شمەک | ١٠٥ |
| capitalist competition | المنافسة الرأسمالية | ڕکابەریی سەرمایەداریی | ١٠٦ |
| Periodical | دوري، تناوب | بە شێوەیەکی دەوری | ١٠٧ |
| periodical crises | الأزمات الدورية | قەیرانە دەوریەکان | ١٠٨ |
| workmen | الشغيل | کارگەر | ١٠٩ |
| vie | مسابقة، مناقسة | پێشبڕکێ، ڕکابەری | ١١٠ |
| assume | قدر، افترض | گریمان، وایدادەنێین | ١١١ |
| Production | الانتاج | بەرهەمهێنان | ١١٢ |
| credit | ائتمان | قەرز | ١١٣ |
| shrink | تقلص، | دێتەوە یەک | ١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | انكماش | | ٤ |
| Effort | جهد | هەوڵ | ١١٦ |
| platform | منهاج | بەرنامە | ١١٧ |
| surpluse labour time | وقت العمل الاضافي | کاتی کاری زیادە | ١١٨ |
| use value | القيمة الاستعمالية | بەهای بەکارهێنان | ١١٩ |
| dvision of labour | تقسيم العمل | دابەشبوونی کار | ١٢٠ |
| discovery | اكتشاف | دۆزینەوە | ١٢١ |
| consumption | الاستهلاک | بەکار بردن | ١٢٢ |
| money price of labour-power | الاسعار النقدية لوسائل المعيشة | نرخی نەختینەیی کەرەسەکانی بژێوی | ١٢٣ |
| net revenue | الربح (الدخل) الصافي | قازانجی (داهاتی) نێو دەست | ١٢٤ |

لە ئینگلیزیەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی

## Karl Marx
## Wage Labour and Capital
## 1847

سەرچاوەی ئەلەکترۆنی بە ئینگلیزی:
www.marxists.org/archive/marx/works/1847/wage-labour/
*ووشە بە ووشەی ئەم باسە بەراوورد کراوە لەگەڵ هەردوو چاپی ئینگلیزی و عەرەبی

سەرچاوەی ئەلەکترۆنی بە سویدی:
www.marxists.org/svenska/marx/1847/06-d013.htm
سەرچاوەی ئەلەکترۆنی بە عەرەبی:
www.marxists.org/arabic/archive/marx/1849-wl/index.htm
وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی: الیاس شاهین، دار التقدم موسكو


(ناوەنـــدی کۆمـــۆن) بەشـــێک لە ئەرک و تێکۆشـانی خـۆی بـۆ بڵاوکـردنەوەی بیـرو هـزری سۆشیالیسـتی تەرخـان دەکـات، کـار دەکـات بـۆ وەرگێران، چاپ کردن و بڵاوکردنەوەی ئەدەبیـاتی سۆشیالیسـتی بەگشـتی و دانراوەکـانی مـارکس بەتایبەتی.

(ناوەندی کۆمۆن) هەوڵێکە بۆ بەرەوپێشـبردن و بەهێز کردنی کولتوورو ڕەوتی سۆشیالیستی.

ئەم ناوەندە لەسـەر بنەمـای چالاکی هـاوبەش، کارەکـانی ڕێکـدەخات. بـۆیە بەهیـواین، هەمـوو ئەوانەی لەم ڕێبازەدان؛ بە پشـتگیری ئەم ناوەندە، ئەو چالاکیە هاوبەشە بەرەوپێش ببەن.

ناوەندی کۆمۆن

ئازاری ٢٠١٧




Karl Marx

# Wage Labour and Capital

**December 1847**

The original 1891 pamphlet

**First Published (in German):** Neue Rheinische Zeitung, April 5-8 and 11, 1849